دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٨، پێنجشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


■ کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو ٢

■ دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات ٢


■ ئینتلیجێنس: ئیتلاعات و پاسدارانی ئێران، حیزبی دیموکرات بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان ٣




دوکتور شەڕەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ ٤



ژێئۆپۆلیتیکی ئێران، لاوازییەکان، هەڕەشەکان و مەترسییەکان ٦



کۆماری ئیسلامی لە بیردۆزیی هانا ئارێنتدا ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# ڕێژیم لە هێزی کورد دەترسێ



لە کۆتاییەکانی مانگی خەرماناندا و پاش چەندین ڕۆژ هێرش و پەلاماری بەردەوامی سپای پاسداران بۆ سەر خاکی باشوری کوردستان و بە بیانووی هەبوونی هێزە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم لەم ناوچانە کە بووە مایەی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و هەروەها تێکچوونی ژینگەی ئەم بەشەی کوردستان، بۆ جارێکی تر بەرپرسانی سەربازی ڕێژیم لە ئاستی بەرزدا هاتنە سەر هێڵ و دەستیان کردەوە بە هەڕەشە و گوڕەشە و قسەی بێبنەما!

ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانان بەرپرسی گشتیی ستادی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وێڕای باس کردن لەوەی کە هێزە کوردییەکان هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر ئەمنییەتی ئێران، جارێکی دیکە هەڕەشەی لەو حیزبانەی دژبەری ڕێژیمی ئێران کرد. «محەممەدحسەین باقری» لە وتووێژێکدا، لەگەڵ هەواڵدەریی «تەسنیم» نزیک لە سپای پاسداران ڕایگەیاندبوو ئەو هێزە کوردییانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەورەتر و بەهێزتر بوونە و ئەمنییەتی ئێرانیان وەمەترسی خستووە کە ئەم مەسەلە ئەوانی نیگەران کردووە.

ئەو بەرپرسە نیزامییەی ڕێژیم لە درێژەی ئەو وتووێژەدا دەڵێت کە ئێمە هیچ سەرکێشییەک، لەو حیزبە کوردییانە کە هەنووکە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن قەبووڵ ناکەین و دەتوانین لەنێویان بەرین.

هەروەها داوای لە هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە ئەو گرووپانە سنووردار بکەنەوە و ڕێگا نەدەن ئەمنییەتی ئێران وەمەترسی بخەن.

پاش ئەم وتووێژە جارێکی تر و لە ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەر پاسداری تێرۆریست «محەممەد پاکپوور» فەرماندەی هێزی زەوینیی سپای پاسداران لە کۆبوونەوە لەگەڵ جاش و بەکرێگیراوەکان لە شاری سنە کە بە بیانووی ساڵڕۆژی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق، بەناوی «ڕێزگرتن لە خزمەتی بەکرێگیراوان» گیرابوو وێڕای هەڕەشە لە هەرێمی کوردستانی باشور و لەحاڵێکدا نەیتوانیوە ترسی خۆی لە هێزی بزووتنەوەی کوردستان بشارێتەوە هەڕەشەی لەنێوبردنی حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی هێنایەوە بەرباس.

ئەو تێرۆریستە وێڕای شانازی کردنی بە ڕابردووی پڕ لە شوورەیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ قەتڵوعامی خەڵکی «کوردستان» لە سەرەتاکانی شۆڕش، بەتایبەت لە پارێزگای سنە داوای لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کرد کە دیسانیش وەک جاران خۆ بنوێنن و چاوساخییان بۆ بکەن تاکوو بتوانن پێکەوە پێش بە دزەی هێزە شۆڕشگێڕەکان بگرن!

ئەم زنجیرە لێدوانانە کە لانیکەم لە یەک مانگی ڕابردوودا بەردەوام و لە بڕگەی جۆربەجۆر هەر بوونیان هەبووە، بەوەندە کۆتاییان پێ نەهات و ئەمجارەیان پاسدار یەحیا ڕەحیم سەفەوی ڕاوێژکاری عەلی خامنەیی بە ماڵپەڕێکی سەر بە ڕێژیمی وتووە: هیچ هێزێکی چەکداری دژبەرمان نابێ لە ناوچەدا بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەبێ؛ ئەمەمان بە بەرپرسانی عێراقیش ڕاگەیاندووە. باشتر وایە هەرچی زووتر واز لە خراپکارییەکانیان بهێنن!

ئەمانە تەنیا بەشێکن لەو لێدوانانەی کە وەک ئاماژەی پێ کرا لەلایەن گەورەبەرپرسانی سەربازی ڕێژیمەوە هاتوونەتە گۆ و کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە وەک مشەخۆری ڕێژیم لەملاولەولا دەستیان کردووە بە شانتاژ و پڕوپاگەندای ژاراوی و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و سازکردنی کەشی ترس و تۆقاندن و شەڕی ڕەوانی دژ بە گەلی کورد و بزووتنەوەکەی کە ڕوونە هەموو ئەمانە سەرچاوەگرتوو لە ترسێکی شاراوەی ڕێژیمە کە کورد خزاندوویەتە نێو دڵ و بیر و مێشکی دیکتاتۆری گەورە.

ڕێژیم لە هێزی کورد دەترسێ؛ ترسێک کە نەیتوانیوە و ناشتوانێ بیشارێتەوە و بە درێژایی تەمەنی خۆی بەردەوام لەگەڵی ژیاوە و جار لەگەڵ جار زیادتر دەیپەشۆکێنێ و ڕایدەچڵەکێنێ.

چالاکیی بەردەوامی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و لە شاخ، ئێعتراز و مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕینی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کوردستان، هیواداربوونی خەڵک لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بۆ گۆڕانی بنچینەیی لە داهاتووی وڵات، تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسی و هزری گەل لە ڕۆژهەڵات و لەسەرهەڵبوونیان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە سادیستییەکانی جەماران بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا و پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەشێکن لەو هۆکارانەی کە ڕێژیمی تۆقاندووە.

ڕێژیم لەم هێزەی کوردستان دەترسێ چونکە دەزانێ کە ئەم لەسەرهەڵبوونە دواجار وادەکات کە کوردستان ببێتەوە بە سەرباشقە و ئۆلگوو بۆ باقی ناوچە و هەرێمەکانی ئێران کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا دەژی و بە کورتی ئەوەی کە لە ٤٢ ساڵی ڕابردوو ڕستوویانە لێیان ببێتەوە بە خوری.

ڕێژیم بۆخۆی باش دەزانێ ئەوەی ئێستە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا تێدەپەڕێ نیشانەیەکە بۆ تێپەڕینی ئاگاهانەی خەڵک لە ڕێژیم. تێپەڕینێک کە دەری دەخات خەڵک نەک وەک سەرەتاکانی شۆڕشی ٥٧ بەڵکوو وەک ساڵێک لەمەوپێشیش بیر ناکەنەوە و ئەوەی بۆیان ئەساس و گرینگ نییە داهاتووی ڕێژیمە بەڵام ئەوەیکە بۆیان لە سەرەتیدایە و گرینگی پێ دەدەن لەڕاستیدا داهاتووی خۆیان و نەسڵەکانی دوای خۆیانە.

پڕئاشکرایە کە ئەگەر لە دەیەی ڕابردوودا خەڵکانێک چاوەڕوانی ئەوە بوون کە هێزێکی دەرەکی (بۆنموونە ئامریکا) دەبێ ببێتە ڕزگاریدەری خەڵکانی ئێران و کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ و ئەوان بکاتە خاوەن سەروەری سیاسی خۆیان(!) ئێستە ئیتر بە ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناوچە و جیهان، وەها بیرکردنەوەیەک باوی نەماوە و خەڵکیش باش لەوە گەیشتوون کە ڕێگەی ڕزگاری و سەربەستییان نەک واشینگتۆن و بروکسێل نییە بەڵکوو لە تاران و ئیسفەهان و سنە و کرماشان و لەوەش زیادتر لە نێو کۆڵان و شەقامەکانی شار بە شاری ئێران و کوردستانە! بەکورتی کۆماری ئیسلامیناڕووخێ مەگەر بە هێزی خەڵک.

پەیڤ

ئیدئۆلۆژیی ئێکسپایەر

کەریم پەرویزی

شتومەك و ئامراز و هەموو شتەکانی جیهانی بەرهەست، کاتێکی دیاریکراویان هەیە و بە تێپەڕبوونی کات و تەمەنیان، کاردانەوە و بەهرەی خۆیان نابێ. لە نێو هەموو شتەکانیشدا، بەتایبەتی دەرمانەکان کە لەشی مرۆڤ چاك دەکەنەوە گەر تەمەنیان بەسەر بچێ و بەواتایەك ئێکسپایەر بن، ئیدی نەك بەهرەیان نامێنێ بەڵکوو دەبنە ژەهر و لەشی مرۆڤ وێرانتر دەکەن.

ئیدئۆلۆژی و بۆچوونەکانیش کە وەکوو دەرمان بۆ بیر و هزری مرۆڤەکانن گەر تەمەنیان بەسەر بچێ و ئێکسپایەر بن، دەبنە ژەهر بۆ لەشی مرۆڤەکان و تەنانەت سیستەمەکانیش.

لە ئێرانی دوای تەواوبوونی قاجاردا، سیستمێکی ئیدئۆلۆژیکی کۆلۆنیالیستی دامەزراوە کە سەد ساڵە بەو ئیدئۆلۆژییەوە کە دوای هاتنی خومەینی، ویلایەتی فەقیهیش تێکەڵ بووە، دەسەڵاتداری دەکەن.

لەم ماوەیەی ڕابردوودا هەندێ ڕووداو لە دەوروبەری ئێران هاتنە ئاراوە کە بەتەواوی دەرخەری ئێکسپایەربوونی ئیدئۆلۆژیی حاکم لە تارانە و وەکوو ژەهریش دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سیستەمەکە و ئازاری زۆریش تووشی وڵاتەکە دەکات.

بەتایبەتی لە دەیەکانی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی دوو تەوەری سەرەکیی سیاسەتی لە سەر بناخەی بیری دوو گرووپ دانابوو و پێڕەوی دەکرد، یەکەمیان هەناردەکردنی شۆڕش و پەرەدان بە ویلایەتی فەقیە و لەبنەڕەتدا هاندانی گرووپە شیعە توندڕەوەکان لە ناوچەدا، دووهەمیشیان بیری ئێرانشەهری کە حەوزەی جوغرافیای فەرهەنگیی بۆ بیرۆکەیەکی وەهمی بەناو نەتەوەی ئێران دروست دەکرد و لەڕاستیدا دەیەویست تەواوی ناوچەکە وەکوو سەردەمی حکومەتی هەخامەنشی بخاتەوە ژێر دەستی سەیدعەلیی هەخامەنشی!

لە ئەفغانستان حکوومەت ڕووخا و تاڵیبانی توندڕەوی سوننی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و دژی شیعە، دژی هەزارە و قەومی دەری کە بناخەی فارس لەوێوە هاتۆتە نێو جوغرافیای ئێران، بووە و لە داهاتووشدا دژیان دەبێ. لەولاشەوە ئازەربایجانی شیعە کە پێشتر بەشێك بووە لە ئێرانشەهر!!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو




ڕێکەوتی ١ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٣ی سپتامبری ٢٠٢١ی زایینی، کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕێکخستنەکانی حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان بە ئەرک و ڕێکخستن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها کوردستانی باشوور بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری» بەرپرسی هەیئەتی دەورەیی ناوەند پێکهاتبوو، چەند تەوەری گرینگ لە باسەکانی کۆبوونەوەکەی لەخۆ گرتبوو. پرسەکانی پێوەندیدار بە ئەرکەکانی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات، کوردستانی باشوور و نێوخۆی وڵات بە وردی تاوتوێ کران و ئۆرگانەکانی سەر بە ڕێکخستنەکان لەهەمبەر پرسە هەنووکەیی و ستراتژییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەڕەشە و مەترسییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و سیاسەتی سەرکوتی ئەو ڕێژیمە ئەرکدار کرد و ڕێکاری بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی دەستنیشان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری بەردەوامی و پەیوەندیی ڕێکخستنەکان پێداگری لەسەر کرا.

# هاوڕێ «ئاکام دەریایی» پەیوەست بە کاروانی نەمران بوو




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، کاک «ئاکام دەریایی» پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە گیانی لەدەست دا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

شەهید «ئاکام دەریایی» خەڵکی شاری شنۆ، ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لەدایک بووە. کاتێک گەیشتووەتە قۆناغی خوێندن لەلایەن دایک و باوکی دلسۆزیەوە وەبەر خوێندن دەدرێت و هەتا قۆناغی ناوەندی درێژە بە خوێندن دەدات.

دوای ئەوەیکە دەگاتە تەمەنی لاویەتی، وەک زۆربەی لاوانی نیشتمان بەهۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە زوڵم و زۆرداریی ڕێژیمی تاران لەسەر خاک و خەڵکی کوردستان، دەست بە خەبات دەکات.

لەسەر ئەساسی ئەم جیهانبینییەی کە دەڵێت: «لاوان داینەمۆی شۆڕش بۆ سەربەستیی گەلن» چەکی شەرەف و پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمانی کردە شان و پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە بوو.

شەهید «ئاکام» بۆ درێژەدان بە خەبات بە شێوەی سازمانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەگرێت و وەک ئەندامێکی نهێنی دەستی بە کار و چالاکیی حیزبی کرد.

دوای ئەوەیکە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندرا و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات دەستی بە کار و تێکۆشان کردەوە، شەهید «ئاکام» ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بە فەرمی پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو و چەکی بەرگری لە نیشتمانی کردە شان.

دوای تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە هێزی «تایبەت» سازمان درا و دەستی بە کار و تێکۆشان کرد. بەهۆی لێوەشاوییەوە بوو بە «سەرپەل». لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا ساڵی ١٣٩٧ لە هێزی ١٢٩ سازمان درا و هەتا کاتی شەهیدبوونی لەو هێزە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد.

لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار وەک مەئموورییەتی حیزبی گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و هەموو مەئموورییەتییەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد.

شەهید ئاکام ڕۆڵەیەکی ئازا و بە جەرگ بوو، لە سەختترین ساتەکان سامناکیی دوژمنی دەشکاند و هیوا و ورەی بە لاوان دەبەخشی.

کاک «ئاکام دەریایی» مەخابن دەستی قەدەر پێی گەیشت و «ئاکام»ـی مێرخاسی لە باوەشمان ئەستاند و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو و سەنگەری خەباتی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێ هشت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی تەرمی شەهید «ئاکام دەریایی» بە بەشداریی بنەماڵەی شەهید «ئاکام»، بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادر، پێشمەرگە و میوانان لە گۆڕستانی شەهیدان لە «جێژنیکان» بە خاک ئەسپێردرا.

دوای بە خاکسپاردنی تەرمی ئەو پێشمەرگە قارەمانە؛ ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشییەکەی لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکانی «جێژنیکان» بە بەشداریی بنەماڵەی شەهید «ئاکام» بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، بەرپرسانی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، فەرماندە نیزامییەکان، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵەکان و میوانان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی شەهید «ئاکام» و سەرجەم شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ کرایەوە.

# دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات




دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و ژمارەیەک لە لاوانی نیشتمان پێکهاتوو لە کیژان و کوڕان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لە چیاکانی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادر و پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «موختار سۆهرابی» بەرپرسی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەیامێکی تایبەت بە ڕێوڕەسمی دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی پێشمەرگەی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دواتر سروودێکی شۆڕشگێڕی لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن «فەریاد دروودی» مامۆستای فێرگە پێشکەش کرا.

پاشان شێعرێک لەژێر ناوی «نیشتمان» لەلایەن «هەژیر» بەشداربووی دەورە پێشکەش کرا و پەیامی دەورەی ٢٥٢ی سەرەتایی لەلایەن «چیاکۆ» بەشداربووی دەورە خوێندرایەوە.

لە بواری تاقیکاریی سیاسی و نیزامیدا هاوڕێیان «هەژیر تافتە، پێشەوا مەحموودی، وەحید ئەحمەدی و چیاکۆ محەممەدی» خەڵات کران. خەڵاتەکان لەلایەن «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەشیان کرا.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵات بەسەر بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کە لە بواری نەزم و دیسیپلین نێونجیی نمرەکانیان بەدەست هێنابوو دابەش کرا.

لە بواری نەزم و دیسیپلیندا هاوڕێیان «عوبەید ڕاش، نەسرین شادی و ئیمان ئازەریان» خەڵات کران. خەڵاتەکان لەلایەن «فەریاد دروودی» یەکێک لە مامۆستایانی فێرگەوە پێشکەشیان کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک لەلایەن هاوڕێیان «ڕێباز و سیامەک» لە بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، کۆتایی پێهات.

# بنەماڵەی شەهید «ئاکام دەریایی» سپاسی هاوخەمی و هاودەریی خەڵکی کوردستانیان کرد

دەقی سپاسنامەکە بەم چەشنەیە:

سپاسنامە سەبارەت بە شەپۆلێک هاوخەمی بەنیسبەت شەهیدبوونی «ئاکام دەریایی»

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی بنەماڵەی دێموکرات، هاوڕێیان و هاونیشتیمانیانی هێژا، سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش بێت.

بەداخەوە هەواڵی ماڵاوایی پێشمەرگەی دلێر و شۆڕەسواری گەلی کورد، ئاکام دەریایی هەمووتانی خەمبار کرد. بێگومان، هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە شەهید «ئاکام»ـیان دەناسی و ئاشنا بە قارەمانییەتی و گیانفیدایی ئەم خەباتکارە بوون دەزانن کە لەدەستدانی نەمریان بۆ ئێمە و شۆڕشی ئازادی چ خەسارێکی گەورەیە و چ بۆشاییەک دەخاتە تێکۆشان.

بەڵام هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ماڵاوایی شەهید «ئاکام» هەستێکی پڕ لە سەربەرزی و شانازی بە نێو خزم و پێشمەرگە و سەرکردایەتی دێموکرات بڵاو بووە، کە دەرخەری قارەمانییەتی و شۆڕشگێڕبوونی شەهید «ئاکام»ـی گەیاند لەنێو دڵی گەلەکەیدا.

هەڤاڵان؛ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید ئاکام شەپۆلێکی بەرین لە بەشداریی هاوڕێیانی «ئاکام» بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و هەروەها پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمی ڕووی لە بنەماڵەکەمان کرد و بە ناردنی سەدان پەیام و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسی و وەفاداری خۆیان، سەرەخۆشییان لە ئێمە و هاوسەنگەرانی کرد کە بوو بە مایەی سووکنایی و ئارامیی دڵ و ڕووحی زامدارمان.


هەر بۆیە ئەم شەپۆلە لە سەرەخۆشی و هاوخەمییە بە سەرمایەیەکی بەرزی مەعنەویی خۆمان و بنەماڵەی دێموکرات دەزانین و بە ناوی بنەماڵەکەمان بە ئەرکی دەزانین سپاس و پێزانین پێشکەش بە هەموو ئێوە بەڕێزان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێبووردنمان هەیە کە وەک پێویست و شیاو نەمانتوانیوە بۆ یەک بە یەکی ئەو خۆشەویستانە وڵام بنێرینەوە و وەک پێویست لە خزمەت هەموو ئێوەی ئازیز دابین.

ئاواتەخوازین بە بەشداری لە خۆشییەکانی ئێوەی ئازیز، قەرەبووی ئەم ئەمەگناسی و وەفاداریتان بکەینەوە.

**لەلایەن بنەماڵەی شەهید «ئاکام دەریایی» ژیانێکی هەرمانی تا گەیشتن بە ترۆپکی ئازادی بۆ گشت ئێوەی ئازیز بە ئاواتەخوازم.**

**جارێکی تر سپاس بۆ هەموو لایەکتان**

# کۆنفرانسی لاوانی ئینتێرناسیونالْ سۆسیالیست لە ناوچەی مێدیتەرانە بەشێوەی ئانلاین بەڕێوە چوو




ڕێبەرانی لاوانی ئینتێرناسیونالْ سۆسیالیست لە ڕۆژەکانی ٨ ، ٩ و ١٠ی ڕەزبەردا، کۆنفرانسێکیان لە ژێر ناوی «لاوان و ئامانجیان بۆ گۆڕانکارییە دێموکراتییەکان لە ناوچەی مێدیتەرانە» بە شێوازی ئانلاین پێک هێنا.

نوێنەری یەکیەتیی لاوان «جەلال قادری» بەشداری لەو کۆنفرانسە کرد و لە چوارچێوەی باسەکاندا تیشکی خستە سەر مێژووی یەکیەتیی لاوان و کار و چالاکییەکانی لە کوردستان و دەرەوەی وڵات. لەم کۆنفرانسەدا ڕێکخراوەکان بواری ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە هەم خۆیان بناسێنن و هەم باس لە کار و چالاکییەکانی خۆیان و هەمیش باری سیاسی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین بکەن.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا نوێنەری لاوان تیشکی خستە سەر کێشەی لاوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕاسان، پێشمەرگە و ڕێبەری شەهید دوکتور «قاسملوو».

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان بەسەر چەند گرووپدا بۆ دیاریکردنی پرۆژەی ٢ ساڵی داهاتوو دابەش کران و جەخت لەسەر کاری هاوبەش کرایەوە.

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ساڵانەی «حیزبی کرێکاری بریتانیا» بە بەشداریی حیزبی دێموکرات



شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی «کرێکاری بریتانیا» بەشداریی کرد. لەسەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا، شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە «ڕزگار ئالانی» و «ئاریاکۆ ڕەحیمی» لە ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٨ی مانگی سێپتامبر بەشدارییان لە کۆنفرانسی ساڵانەی «حیزبی کرێکاری بریتانیا» کرد. لەم کۆنفرانسەدا شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات توانی دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیرانی لە سایە، ئەندام پارلمانتار، باڵوێز و بەشداربووانی کۆنفرانسەکە پێک بێنێت و سەبارەت بە دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات گفتوگۆیان کرد.

# کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی UNPO بە بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو

ڕۆژانی شەممە تا یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ تا ١١ی ڕەزبەر، کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO) بە بەشداریی دوکتور «عەلی عەبدیل زادە»، جێگری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەدا، لە وڵاتی بلژیک بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە بە پەسندکردنی بڕیاری کاریی کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد و پاشان سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کرد. لەم ڕاپۆرتەدا سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان گەڵاڵەیەکی سەبارەت بە ستراتیژیی سێ ساڵی داهاتوو بۆ ئەم ڕێکخراوەیە پێشنیار کرد کە دوای باس و هەڵسەنگاندنێکی ورد لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە پەسەند کرا.

ڕاپۆرتی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان هاوکات باسێکی لەسەر کار و چالاکیی یەک ساڵی ڕابردوو لەخۆ گرتبوو.

بەشێکی تری کاری ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی بۆ باسکردن لەسەر ڕاپۆرتی ماڵی و هەڵسەنگاندنی داواکاریی ئەندامەتی لە ڕێکخراوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەرخان کرابوو.

بڕگەیەکی تری کۆبوونەوەکە بۆ باس و تاوتوێکردن لەسەر ڕەوشی نەتەوەکانی ئەندام لە دەستەی سەرۆکایەتی دانرابوو.

لەم بەشەدا دوکتور «عەلی عەبدیل زادە» جێگری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەدا، باسێکی لەسەر ڕەوشی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و هاوکات ئاماژەی بە هێرش و دەسدرێژییەکانی ئەم دواییانەی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر شاخ و بەرزاییەکانی کوردستان کرد.

بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بۆ بەرنامەداڕشتن و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی داهاتووی ڕێکخراوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەرخان کرابوو کە بڕیارە لە ماوەیەکی کورتدا بەڕێوە بچێت.

کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دوای دوو ڕۆژ کاری بەردەوام بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# ناوەندی ڕەوەندی کورد لە وڵاتی فینلاند کۆ بووەوە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر، کۆبوونەوەی ناوەندی ڕەوەندی کورد بە بەشداریی حیزبە کوردستانییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر ‹‹نەزیر بەرواری›› بەرپرسی ناوەندی ڕەوەندی کورد لە وڵاتی فینلاند، سەبارەت بە ئامانج و کار و چالاکییەکانی ناوەند لە دەرەوە و بە تایبەتی لە وڵاتی فینلاند، باسێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا جەختی لەسەر یەکڕیزیی کوردانی نیشتمانپەروەر لە دەوری یەک ئامانج، واتە خاک و گەل و ئاڵای پیرۆزی کوردستان کردەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ لێک نێزیککردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی ڕەوەندی کورد لە دەوری ئەم ئامانجە، بێ لە بەرچاوگرتنی بیر و باوەڕی حیزبی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا هەر کام لە بەشداربووان بە گرینگیدان بەو ئەرکە نەتەوەییانەی کە لەسەر شانی تاکی کوردە، جەختیان لەسەر پێویستیی بەشداریی هەموو تاکێکی کورد لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کردەوە.

بەشداربووان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی دۆزی ڕەوای کورد، پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی، چالاک بن. هەروەها بەشداربووان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ناوەندی ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات، سەربەخۆ کار بکات و ئەولەوییەتی کارەکانی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بێت و لە بەرامبەر ئەو جینایەت و ستەمەی کە لەلایەن دوژمنانی نەتەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەرامبەر تاک، گەلی کورد و خاکی کوردستان دەکرێت، هەڵوێستی هەبێت و لە قاویان بدات.

# ماڵپەڕی ئینتلیجێنس: ئیتلاعات و پاسدارانی ئێران، حیزبی دێموکرات بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان



ماڵپەڕی «ئینتێلیجێنس ئانلاین» کە ماڵپەڕێکی بواری ئەمنییەتییە لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە ئیتلاعات و پاسدارانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەترسییەکی گەورە دەزانن بۆ سەر خۆیان و ئەم حیزبە کوردییە لە میحوەری هەواڵگریی پاسدارانی ئێراندایە.

لە بەشگەلێک لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: ئەو پارتە کوردییەی ئێران (حدکا) کە بۆ کوردستانی عێراق دوور خراوەتەوە و کاتێک پاسداران بە «هەڕەشەیەکی نزیک»ـیان (تهدید بالقوە) دەزانێت، بە بەردەوامی لە سنوورەوە هێرشی دەکاتە سەر و دوایین هێرش لە ڕێکەوتی ١٢ی سپتامبردا ڕووی دا.

ئەم حیزبە لە نزیکەوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی پاسدارانەوە کە «حوسێن تائێب» بەرپرسیەتی، چاودێری دەکرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کە لە ساڵی ١٩٨٠ـەوە لە سنووری عێراق دوور خراوە، لە ١٢ی سپتامبرەوە کرایە ئامانجی مووشەکی و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئێران. ڕێژیمی ئێران بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەزگای هەواڵگریی پاسداران مەترسییەکی نزیکی (بالقوە) ئەو حیزبەی دۆزیوەتەوە.

شەڕی دڕۆنەکان لە ئاسمانی کوردستان ئەم حیزبە بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن سپای ئێرانەوە دەکرێتە ئامانج، بۆ وێنە لە مانگی ئاگوستی ٢٠٢٠ و سپتامبری ٢٠١٨دا.

بەڵام ئەمجارەیان کە حیزبی دێموکرات کەوتە بەر هێرش، لە ئامادەباشدا بوو و توانیی پێش هێرشەکە هێزەکانی بڵاوە پێ بکات و جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە. «کاوە بەهرامی» بەرپرسێکی ئەم حیزبە ئەوەشی ڕاگەیاند کە حیزبەکەیان چوار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی تێک شکاندووە کە نێردرابوون تا جووڵانەوەکە ناچار بە پاشەکشە بکەن.

ئەو دوو لایەنە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە ململانێیەکی کراوەدان کە حدکا لەلایەن «هەڵۆکانی زاگرۆس» کە ڕێکخراوێکی سەر بەم حیزبەیە، پشتیوانی دەکرێت.

لەنێوان بەرد و شوێنە سەختەکان هێرشەکانی ئێران دەستدرێژییەکی نوێن بۆ سەر سەروەریی عێراق کە تا ئێستا ڕۆژانە بە هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر بارەگاکانی «پارتی کرێکارانی کوردستان» زۆر تاقی دەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی مەحکوومکردنیان لەلایەن سەرکردەکانی عێراقەوە. «مستەفا ئەلکازمی» سەرۆکوەزیرانی عێراق لە سەردانێکیدا بۆ تاران لە ١٢ی سپتامبردا، لە وتووێژ لەگەڵ «عەلی شەمخانی» سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ئەو پرسەی بەرز کردەوە. بەرپرسی ئاسایشی ئێران بە بێ شەرمانە داوای لە ئەلکازمی (کە خۆی پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی عێراق «INIS» بووە) کرد بۆ یارمەتیدانی پاسداران بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم پەیامە شتێکی تازەی بە ئەلکازمی بەخشی کە نیگەران بێت لە دەستێوەردانی ئێران وەکوو ناوچەکانی دیکە و کاروباری ناوخۆی عێراق.

## چالاکی تەبلیغی

### خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەباتی ڕەوای گەلەکەیان ناوە بە ناوە دژ بە کۆماری ئیسلامی چالاکی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن.

### ئەمەی لێرەدا دەخریتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست بەشێکن لەو چالاکییانە:

**سەقز:**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەر، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری «سەقز»، بەبۆنەی ٢٥ی سپتامبر ساڵڕۆژی ڕێفراندۆمی مێژوویی کوردستانی باشوور، چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری «سەقز» ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد و وێڕای یادکردنەوەی ڕێفراندۆمی کوردستانی باشوور، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێ بەڕێوە براوە بریتین لە: «بەرزاییەکانی قەوخ و پارکی لالە».

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری «سەقز» بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەر جۆرە ئەرکێکی حیزبی ڕاگەیاند.

**نییەر:**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نییەر لە دژکردەوە بە سەردانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ ئەو گوندە ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.

ڕۆژی دووشەممە ٥ی ڕەزبەر، فەرماندەی سپای پارێزگای سنە و کۆمەڵێک کەسی دیکەی سەر بەو ناوەندەی ڕێژیم و بەخشداری و پارێزگاری سنە، بە بیانووی بینین و چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک سەردانی گوندی ‹‹نییەر›› سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنەیان کرد.

کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەردانی خۆیان بۆ ئەو گوندە کە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارەی هەمان ڕۆژی خایاندووە، نزیک بە سەد کەسیان لە هێزەکانی سپای پاسداران و ئینتیزامییان بە شێوەی ئامادەباشی لەگەڵ خۆیان بردووە.

هەروەها لە هەندێک لە گوندەکانی بەخشی ‹‹سیروان›› وەک ‹‹هەشەمێز و گەلێن››، شورای گوند و دێهیار و خەڵکی ئاساییشیان وەک کەسانی گوێرایەڵ و ملکەچ لەگەڵ بووە.

لەو سەردانەدا کاربەدەستانی ڕێژیم زیاتر لە ٣٠ ماشینی نیزامییان پێ بووە و لەبەر ئاوایی نییەر بێنێری تایبەت بە ‹‹حەوتووی دیفاعی موقەدەس›› و وێنەی قاسم سلێمانی»یان هەڵواسیوە.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشن پزیشکیان لەگەڵ خۆیان بردووە کە خەڵک بەخۆڕایی ویزیت بکەن.

لە کاردانەوە بەو هەوڵەی ڕێژیم، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نییەر لە بەرانبەر ئاوایی، ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد و وڵامیکی توندیان بە ڕێژیم دایەوە.

گوندی ‹‹نییەر›› یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی ژاوەرۆی سنەیە کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی گەلی کورد، زۆرترین نرخیان داوە و بە دەیان شەهیدیان پێشکەشی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کردووە.

**بۆکان:**

تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی فەرماندەی شەهید «خدر خزری» ناسراو بە «خدرە سوور» لە کێوی «تەرەغە»ی بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەگەڵ ڕێبازی شەهید «خدر» و هەموو شەهیدانی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغیی لێ بەڕێوە چووە بریتین لە: «گلکۆی شەهید خدرە سوور و جادەی گوندەکانی ساردە کوێستان، زیراندۆڵ، خورخورە، پردی خوڵامالێ و جادە شاریکەند بۆ بۆکان».

بە ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزب، لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نووسینی دروشمی سەرکەوێ ڕاسان چالاکیی بەرینی تەبلیغی کراوە.

شەهید «خدر خزری» ناسراو بە «خدرە سوور» ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە مەهاباد لەدایک بووە.

کاتێک پەیوەست بە حیزب دەبێت وەک پێشمەرگە لە لکی ٣ی هێزی «پێشەوا» دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کرد. ب

ەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتی توانی پلەکانی بەرپرسایەتی تێپەڕ بکات. ساڵی ١٣٦٠ کرا بە سەردەستە، ساڵی ١٣٦١ کرا بە جێگری لکی ٣، ساڵی ١٣٦٢ کرا بە فەرماندەری لکی ٣، ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کرا بە جێگری هێزی «پێشەوا».

ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو بە فەرماندەری هێزی پێشەوا و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد.

ناوبراو ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شەڕێک لە «تەرەغە»ی بۆکان شەهید کرا.

**مێراو:**

ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی «میراوێ» سەر بە شاری «شنۆ»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا و لەسەر دیواری ماڵەکانی گوندی «میراوێ» دروشمی «شەهید ئاکام ڕێگات درێژەی هەیە» و «ڕاسان بەردەوامە»، نووسیییەوە.

## درێژەی پەیڤ

کەوتۆتە لای تورکیە و بۆتە هەڕەشە بۆسەر ئێران!

لەم ڕووداوانەدا، کۆماری ئیسلامی گەر بەپێی ئیدئۆلۆژییەکەی و لایەنی ئایینییەکەی بکردایە، دەبوو هەم پشتیوانی لە ئازەربایجان بکردایە دژی ئەرمەنستان و هەمیش ئازەربایجانی شیعەش لەگەڵ تورکیەی سوننی نەبوایە و هەم پشتی شیعەکانی ئەفغانستانی بگرتایە و شەڕی تاڵیبانی بکردایە!

گەر بەپێی وەهمی ئیدئۆلۆژیکی ئێرانشەهریشی بکردایە، دەبوو ئازەربایجان بەشێك لە ئێرانشەهر بوایە و ئێرانیش شەڕی لەگەڵ تورکیە بکردایە بۆ گێڕانەوەی ئازەربایجان بۆ نێو وەهمی ئێرانشەهری!! لەولاشەوە بە پشتیوانیی نیزامی لە تاجیك و دەرییەکان، دژی پەشتوونەکان بوایە!

بەڵام چوونکە ئیدئۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی ئێکسپایەر بوون و هیچ کەڵکیان نەماوە و ئێستە ئیدی بوونەتە ژەهر بۆ خودی سیستمەکەیان، لە ئەفغانستان پشتی تاڵیبانی گرت و لە ڕووداوەکانی ئازەربایجانیشدا بەتەواوی دۆڕا و ڕێگەی ترانزیتی بۆ ئورووپا بڕاوە و ئێستە دەستەوداوێنی ڕووسیە دەبێ بەڵکوو لە دەریای خەزەرەوە ڕێگای بۆ بکاتەوە!

ئێدئۆلۆژیی ئێکسپایەری ویلایەتی فەقیهی و ئیرانشەهری نەك توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیشیان نییە، بەڵکوو لە ناوچەشدا ناتوانن سیاسەتی ڕوون بۆ ڕێژیم دابڕێژن و بەپێچەوانەی ئامانجەکانیان دەجووڵێنەوە! نە دەتوانێ پشتیوانی لە شێعەکان بکات و نە دەتوانێ پشتی دەرییەکان کە «فارسی ئەسیل» لەوێوە هاتوون، بگرێ و نە دەتوانێ دژی تووران هەوڵی گێڕانەوەی ئازەربایجان بدات!!

ئیدئۆلۆژیی ئیکسپایەر وەکوو ژەهرێك کار دەکات و ئێستە ئیدی دەرباری خامنەیی وەکوو دەرباری شاکانی قاجار بۆتە دەفتەری هاتوچووی ڕووسەکان! سەیدعەلی دەیەویست ببێتە داریووشی هەخامەنشی کەچی بۆتە موحەممەدعەلیشای قاجار!

# دوکتور شەرەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ

ئیبراهیم لاجانی

**بەشی دووهەم**

.... دەیگوت پێشمەرگە یان خەباتگێڕی کورد، دەکرێ بمرێ، شەهید بێت، بکەوێ، پاشەکشە بکات، بەڵام نابێت بشکێ و دەست لە خەبات هەڵگرێ. لە دیفیتیزم و قبوڵکردنی شکست بە دوور بوو. بە توندی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئیدی لە مێژووی خەباتی میللەتی ئێمەدا نابێت جارێکی دیکە نسکۆ و ئاشبەتاڵ دووبارە ببێتەوە. زۆر گرنگی بەوە دەدا کە لە مێژووی میللەتی خۆمان و میللەتانی دیکە فێر بین و دەرس و پەند و عیبرەتیان لێ وەرگرین. شارەزای هەموو لایەنەکانی بزووتنەوە میللییەکانی کورد بوو، بۆیە کێوێک بوو لە ڕقی شۆڕشگێڕانە بەرانبەر دوژمن و ناحەزانی بزووتنەوە. ئەوە مەسەلەی ئەسڵی ئەو بوو لە شۆڕشدا.

من نە آنم کە دوصد مصرع ڕنگین گویم
من چو فرهاد یکی گویم و شیرین گویم!

دڵسۆزانە و بێ پێچوپەنا ڕوانگە و نەزەرات و بۆچوونەکانی خۆی لە ئیختیار ڕێبەیی حیزب و دەستەی نوسەرانی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کوردستان دەنا؛ دەیگوت دەنگی کوردستانی ئێران دەنگی شۆڕش و خەباتی میللەتی کوردە بۆیە دەبێت، ڕاستویژ بێت، واقعیەتەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان بەیان بکات، حەماسی و پڕ لە شوروشەوقی خەباتگێڕانە و شۆڕشگێڕانە بیت.

گفتن ناگفتەها مشکل است،
نیست کار زبان کار دل است


قسەی ئەوە بوو دەبێ وا وتار بخوێنینەوە کە لەسەر دڵان بنیشێ. قسەیەک لە دڵ بێتەدەر لە سەر دڵان دەنیشێ.
داوای دەکرد لە نوسین و وتارەکانماندا لە ڕادیۆ فەزای گشتی بزووتنەوەی کوردستان و خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد بێنینە بەر چاوی خەڵک و بیروڕای گشتی، تێبکۆشین جینایەتەکانی هێزە سەرکوتکەرکانی کۆماری ئیسلامی لەقاو بدەین، سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم و پیلان و چاو و ڕاوی دەزگا ئەمنیەتی و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵک ئاشکرا بکەین.
لەلایەکی دیکەوە داوای دەکرد کە وا بنوسین کە پشتیوانی بیروڕای گشتی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ لای پشتیوانی لە بزوتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان ڕاکێشین، بۆیە تەوسیەی ئەوە بوو کە لە نوسین و وتارەکانماندا لە ئەدەبیاتی قورس و سەنگین، مافەکانی مرۆڤ و لە زاراوە و دەستەواژە ئەدەبییەکان و تێرمینۆلۆژی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دونیاپەسند کەڵک وەرگرین و خۆ لە ئەدەبیاتی چاڵە مەیدانی و سوک، دوور ڕابگرین. دەیگوت ئەرکی نوسەرانی ڕادیۆی شۆڕش ئەوەیە خەڵک بەگشتی و بەتایبەتی لاوان بۆلای شۆڕش و خەبات هان بدەن و خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە شۆڕشدا موبیلیزە بکەن بۆیە گرنگی زۆری بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و ڕۆمانتیزمی نەتەوەیی و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەدا. لەسەر داوای ئەو بوو کە بەرنامەیەکی ئەدەبیمان بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم لە ڕادیۆ جێ کردەوە، بۆ باس لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە. دەیگوت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بێ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە ناچێتە پێش. دەیگوت هونەرمەندی کورد پێویستە هونەرەکەی بخاتە خزمەت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕش.
ئەو بۆچوونە بۆرژوازییەی بە پوچ دەزانی کە دەڵێ هونەر و ئەدەبیات نابێ کاریان بە سیاسەت بێت واتە ئەوە کە دەڵێ هونەر بۆ هونەرە. لە ڕوانگەی کاک سەعیدەوە هونەر و ئەدەبیاتێک کە ڕێگا بۆ ئازادی و ڕزگاری ئینسان خۆش نەکات و دژی زوڵم و ستەم نەوەستێتەوە بێ بایەخە. ئەو دێڕ بە دێڕ نوسین و وتارەکانی ئێمە نوسەرانی ڕادیۆی دەخوێندەوە و کۆنترۆڵی دەکردن و نەزەری خۆی لەسەر دەنوسین بەڵام داوای ئەوەشی دەکرد کە ئێمەش باس و بابەت و نوسینەکانی ئەو کۆنترۆڵ بکەین و نەزەراتی خۆمانیان لەسەر دەربڕین، بەوجۆرە فۆرم و نێوەڕۆکی وتار و باسەکان دەوڵەمەندتر دەبوون.
لە کاتی خوێندنەوەدا هونەرەکانی بەیان و دروست دەربڕین و شیرینویژی و زانستە زمانەوانی و بەلاغییەکانی فێر دەکردین. هەمیشە سەرچاوەی داهێنان بوو، بایەخی زۆری بەوە دەدا کە ڕیتۆریک و ئەدەبیاتی حیزبی پاراو و ڕەوان و وەزین بێت.
زۆر سەبارەت بە کات و دیسیپلین سەختگیر بوو، دەبوایە وتارەکان و خەبەر و باسەکان بۆ کاتی دیاریکراو ئامادە کرابان، کۆنترۆڵ کرابان، تۆمار کرابان و گەیشتبانە سەر ئەنتێن بۆیە ئەوەشی تەشویق دەکرد کە خێرا بەڵام ورد بنووسین.
بایەخی زۆری بە هونەر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە دەدا. لەلای کاک سەعید شۆڕش و خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتی و خەباتگێڕانە سەرچاوەی سوژەی هونەری و ئەدەبی و ڕۆمان و چیرۆک و تابلۆ و فیلم و وێنە بوون. خەبات بە دژی بێ عەداڵەتی بۆخۆی لوتکەی جوانی و گەشە و تەکامولی ئینسانە. شێعرەکانی شێرکۆ بێکەسی زۆر خۆش دەویستن؛ لە ژێر تەئسیری ئەودا بوو.
هیچ سەروەت و سامانێکی نەبوو. سەروەت و سامانی ئەو، ئەو متمانە سیاسی و خەباتگێڕانەیە بوو کە لە شۆڕشدا هەیبوو. سەروەتی ئەو، ئەو پەیام و ڕیسالەتە بوو کە هاویشتبویە سەر شانی خۆی واتە ئازادی کورد و کوردستان.
کە قسەت لەگەڵ دەکرد زوو بۆت دەردەکەوت کە قسە و بیروڕاکانی لە باوەڕێکی قوڵی سیاسی و وشیاری و ئاگاهیەکی زانستی قوڵ و بەرینەوە سەرچاوە دەگرن. کاکڵی پەیام بۆ

> **دەیگوت ئەرکی نوسەرانی ڕادیۆی شۆڕش ئەوەیە خەڵک بەگشتی و بەتایبەتی لاوان بۆلای شۆڕش و خەبات هان بدەن و خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری لە شۆڕشدا موبیلیزە بکەن بۆیە گرنگی زۆری بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و ڕۆمانتیزمی نەتەوەیی و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەدا**

دوکتور شەرەفکەندی گرنگ بوو بۆیە هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێت پەیامی ئێمە وەک حیزب و وەک بزووتنەوە ڕوو لە هەموو خەڵک بێ و جوانیش پۆلێنبەندی بکرێ.
کادر و پێشمەرگە و سەرجەم هاوڕێیانی خۆی بە کەم نەدەگرت، لە قسە و هەڵوێست و بڕیاراتیدا حیسابی بۆ هەمووان دەکرد، کاری هەمووانی بە گرنگ دادەنا. بە هێز و بە توانا و خاوەنی تێمپرامێنتی ئەخلاقی بوو. هەمیشە دەیگوت کادری حیزبی دەبێ و لەسەریەتی لەگەڵ خەڵک شەرافەتمەندانە و ئابڕوومەندانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات. زۆر دژی پاسیڤیزم و کەنارەگیری بوو.
سەختگیر بوو، ئەوەش وای کردبوو کە کادرەکانی ڕادیۆ لەبەر دەستیدا هەڵدەن و گەشە بکەن و هەرکامیان بۆ خۆیان ببنە میکرۆفۆنی سیاسەتەکانی حیزب و بزووتنەوە. ئەرکی بە ئێمە دەسپارد و بەرپرسایەتیشی دەخستینە سەرشان و لە کاتی پێویستدا توند لێی دەپرسینەوە. ئیسراری ئەوە بوو کە ئەو ستەم و زوڵم و بێعەداڵەتییەی لەسەر کوردستانە لەقاوی بدەین و لە وتارەکانماندا زەقیان بکەینەوە.
ئەو خوێندنەوە و پەروەردە و فێربوونی بە باشترین شێوە و میتۆدی خەبات لەگەڵ دواکەوتوویی فەرهەنگی دەزانی. ناسیاوێیەکی قوڵ و بەرینی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان هەبوو، ئیرادە و ڕوحیەیەکی پتەویشی بۆ یارمەتی بە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کوردستان تێدا بوو، هەموو ئەوانە کاک سەعیدیان کردبووە تێکۆشەرێکی تەواو عەیار و بەوەج.
شوروشەوقی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە لە هەیبەت و سیمای دەباری. بەڕاستی تێکۆشەرێکی تەواومانای ڕێبازی کوردایەتی و ڕزگاری کوردستان بوو. پێبەندبوونی شۆڕشگێڕانە لەلای کاک سەعید جەوهەری کاری حیزبایەتی و تەشکیلاتی و نێوەڕۆکی ژیانی سیاسی هەر تێکۆشەرێکی کوردن. تێکۆشەری کورد بەبێ پێبەندبوونی شۆڕشگێڕانە بۆ شۆڕش دەبێتە گیاکەڵە.
ئەو لە سەرتاسەری ژیانی حیزبایەتیدا دڵسۆز و بە ئیلتیزام و وەفادار مایەوە. قەت شک و گومانی لە بەرحەقبوونی سیاسەت و ئامانجەکانی حیزب و ڕەوایی داخوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان لەلا دروست نەبوو.
ئەو وێنای ئیرادەی حیزبی دێموکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان بوو. ئۆپتیمیست بوو. ئەو گەشبینی و لەشکاننەهاتوویە لە کاری ڕۆژانە و نوسین و قسەو هەڵوێستەکانیدا ڕەنگیان دەدایەوە.
کاک سەعید دەیگوت هەر کوردێک بە بیانووی ترس و سەرکوت و زەبروزەنگ بەرانبەر بزووتنەوەی میللەتی خۆی بێهەڵوێست بێت، بەڕاستی دەبێت شەرم لە ویژدانی خۆی بکات.
هەمیشە بزە و پێکەنینی لەسەر لێوان بوو. قەت نائومێد نەدەبوو. سەرچاوەی وزە بوو لە شۆڕش و خەباتدا. هەرکاتێک دەتبینی شارژ دەبویەوە. ئومێدی وەبەر دەنای و هێزی دەدا بە ئەژنۆکانت. لەسەرخۆ و هێور بوو، بەڵام پتەو و بەهێز بوو. ئەهلی تەساموح و دیالۆگ و گفتوگۆ بوو، بەڵام موسامحەکار نەبوو. بە مودارا بوو بەڵام سازشکار نەبوو.
زۆر پێی لەسەر ئەرکی ڕووناکبیران و مامۆستایان و خوێندکاران لە شۆڕشدا دادەگرت. پێی وابوو ڕووناکبیری کورد ئەگەر بەجۆرێک یارمەتی بە بزووتنەوەی میللەتی خۆی نەکات، ئەوە زڕەڕووناکبیرە. ڕوناکبیری پاسیڤ و گۆشەگیری دەدایە بە شمشێری ڕەخنە. دەیگوت بۆ میللەتێکی ژێرچەپۆکە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری سەرەتی و پریۆریتی یەکەمە بۆیە پێی وابوو ڕووناکبیران دەبێت ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە بن.
وتارەکانی بۆ ڕادیۆ پڕبوون لە هەستی ئازادیخوازانە، پێشکەوتووخوازانە و شۆڕشگێڕانە؛ هەر بۆیە زوو شوێنیان لەسەر خەڵک دادەنا. ئەو بە پێوە و لە لوتکەی درەوشانەوەدا شەهید بوو. ئەوە گەورەپیاوانن کە دەچنە سەر دار و لە بڵندان لە پێناوی حەق و عەداڵەت و ڕستگاری خەڵکدا وەک مەسیح سەر دادەنێن.

غلام آن کلماتم کە آتش انگیزد نە آب
سرد زند در سخن بر آتش

مەسەلەیەکی هیندی هەیە دەڵێ ئەی شاعیر باسی بارانێ مەکە، بارانەی ببارێنە. ئەو ئێمەی فێر دەکرد لە وتارەکانماندا واقعی و حەماسی بین و ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی بکەینە هەوێنی پەیامەکانمان. ئەوە کەسایەتی خەباتگێڕانەی کاک سەعیدمان لە شۆڕش و خەباتدا بۆ دەردەخات . بە بێ کار و ڕێنوێنی و هۆشمەندییەکانی کاک سەعید قەت ڕادیۆ دەنگی کوردستان نەدەگەیشتە ئەو ئاستە بەرزە لە نێو بزووتنەوەدا و هەرگیز نەیدەتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کە لە کاتی خۆیدا لە جۆشدانی خەباتی خەڵکی کوردستاندا گێڕای.
کۆمەڵگای کوردستان و مەسەلە و گیروگرفتەکانی میللەتی کوردی باش ناسیبون و تێدەکۆشا یارمەتی بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو کۆمەڵگایەدا بکات. بۆ ئەو پێشمەرگایەتی و گرتنە پێشی ڕێگای خەبات ئەرکی هەرەگرنگی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بوو و زۆر شانازی دەکرد کە پێشمەرگەی کوردستانە.
ترس و بەدگومانی بە گەورەترین گیاکەڵەی پێشمەرگایەتی دەزانی و پێی وابوو دەبێ بێوچان بژار بکرێن و نابێت بهێڵین لە نێو شۆڕش و خەباتدا سەرهەڵدەن. بۆیە قسە و کرداری لە شۆڕشدا نەترسانە و دلێرانە بوو. یەکپارچە ڕۆحیەی شۆڕشگێڕانە بوو و قسە و کردەوەی وەک یەک بوون.
ئەو کوردێکی دێموکرات و ڕووناکبیر بوو، هەستی بە زووڵم و ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کوردستان و گەلی کورد کردبوو، بۆ لەنێوبردنی ئەو ستەم و زووڵم و زۆریە ڕێگای خەباتی هەڵبژاردبوو هەر بۆیەش هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە.
مێژووی میللەتەکەی خۆی و بزووتنەوە میللییەکانی میللەتەکەی خۆی بە قوڵی خوێندبوویەوە و لە ئاکامی ئەو خوێندنەوەیەدا، تێگەیشتبوو کە دەبێت ئەرکی نیشتمانی و خەباتگێڕانەی خۆی بەڕێوە بەرێ و ببێتە پێشمەرگە. نوسین و بڵاوکردنەوەی کورتەمێژووی بزووتنەوە میللییەکانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا، ئەوە دەردەخات کە ئەو بە ئاگایی و وشیاری لەسەر ئەو ئەرکە کە لەسەر شانی بوو، پێی نابووە مەیدانی خەبات. ئەو دەیزانی میللەتی کورد لە چ مەوقعیەتێکدایە و دەبێ خەبات بۆ ڕزگاری خۆی بەرێتە پێش و شۆڕش بکات.
ئەو هاتبوو هەموو توانا و لێوەشاوەیی و وزەی خۆی لە خزمەت بە شۆڕش و خەبات و بزووتنەوەدا دانابوو. بە هەموو مانای وشە پێشمەرگە بوو.
هیچ چاوەڕوانییەکی لە حیزب و شۆڕش و خەبات نەبوو واتە پاداشێکی نەدەویست بەڵام زۆر شتی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە خزمەتی شۆڕش و حیزب و خەباتی پێ دەکردن. تازە دەفتەری سیاسی هاتبووە سەرشاخان، من لە خزمەت مامم، چومە دەفتەری سیاسی؛ کاک سەعید تازە لە تارانەوە هاتبووە کوردستان. مامم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە کاک سەعید لە بنکەی ڕێبەریی حیزب کار دەکات و وتی ئەوە کارێکی چاکە کە ڕێبەری حیزب تەقویەت دەکەی و لە ڕێبەرایەتیدا کار بکەی بە قازانجی حیزبە و یارمەتی بە حیزب تەواو دەبێ. حیزب لەو جێیە پێویستی بە تۆیە نەک لە تاران. وەک ئێستا لە بیرمە کاک سەعید فەرمووی زۆر کەسی لە من باشتر و لێوەشاوەتر بۆ ئەو کارە هەن. من جارێ لەگەڵ وەزعەکە زۆر ئاشنا نیم و لێم گەڕێن با باش لەگەڵ مەوقعیەتەکە ئاشنا بم.
مەبەستم ئەوەیە ئەو نەهاتبوو ببێتە ڕێبەر، هاتبوو وەک پێشمەرگەیەک، وەک ڕووناکبیرێک خزمەت بە شۆڕش بکات. دواتریش کە چووە نێو ڕێبەری لەبەر ئەوە بوو کە حیزب و بزووتنەوە پێویستیان بەو بوو .
چاوەڕوانی هیچ مەسئولیەتێک نەبوو. پلەوپایەی نەدەویست بەڵام کە کاتی خۆی هات و بۆی دەرکەوت شۆڕش و خەبات پێویستیان پێیەتی، شانی دا بەر باری مەسئولیەت و وەک کێو قورس و قایم ڕاوەستا. ئاخر ئەوە گەل و شۆڕش و خەبات بوون کە مەسئولیەتیان پێ سپاردبوو. بۆخۆی لەو بارەوە دەڵێ چەند شانازیەکی گەورەیە ببیە جێگای ئومێدی میللەتی خۆت. لە قۆناخەکانی دواتری خەباتدا کە چووە نێو ڕێبەرایەتی حیزب و بزووتنەوە،وەک لە ژیاننامەکەیدا هاتووە، بوو بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی داڕشتنی سیاسەت و بڕیارات و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوە. ئەو پلەوپایەی حیزبی و تەشکیلاتی و دەسەڵاتی ئۆرگانی حیزبی بۆ بردنەپێشی کاری حیزبی و خەبات و شۆڕش دەویستن نەک بۆ شتێکی دیکە. یاسر عەرەفات دەڵێ من توانایی‌م بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی شۆڕشی فەلەستین دەوێت. بەڕاستی کاک سەعیدیش پلەوپایەی حیزبی و تەشکیلاتی بۆ خزمەت بە شۆڕش و بزوتنەوەی کورد و ئامانجەکانی میللەتی کورد دەویستن واتە قودرەتی بۆ بردنەپێشی هەڵوێستەکانی حیزب و پراکتیزەکردنی سیاسەتەکانی حیزب و پراکتیزەکردنی بیروبۆچونەکانی خۆی وەک ئینتلێکتوێلێک دەویست. لەخۆڕا نەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕیتۆریکی حیزبی بە ئەستۆوە بوو واتە بەرپرسی فۆرمۆڵەکردن و داڕشتن و ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو.
دریژەی هەیە.....



# تەنیا بەرخۆدان پاشەکشە بە تۆتالیتاریزم دەکات

**زاگرۆس**

ڕاستە کە دەڵێن مێژوو ئاوێنەی باڵانوێنی داهاتووە و ژیان بەردەوام بوونەوەی ڕووداوەکانە بە جیاوازی بچوکەوە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان بکەین دەگمەنن ئەو ئەزموونانەی کە پیشانی بدەن ئەم دەسەڵاتانە گۆڕان لە نێوەڕۆکیاندا ڕوو دەدات و بەرەو باشە دەچن و لە ڕێگەی بەختەوەری خەڵکانی ژێر فەرمانڕەواییاندا هەنگاو هەڵبگرن؛ هیچکات لەهەمبەر هێزدا نەبووبێت لەهەمبەر ویست و داخوازییە ڕەواکانی خەڵکدا چۆکیان دانەداوە و بەرەو گۆڕانی پۆزەتیڤ هەنگاویان هەڵنەگرتووە و هەر کاتیش هەستیان کردبێت بەرانبەرەکەیان پاشەکشە دەکات بارتەقای ئەو پاشەکشێیە هەنگاویان لە ڕێڕەوی لەنێوبردنی نەیارانیاندا هەڵگرتووە. دەسەڵاتە سەرەڕۆکان بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتێک چوون ڕەواییان لەنێو جڤاکدا نییە هەوڵ ئەدەن هێز بەکار بێنن و لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ترس و تۆقاندنەوە درێژە بە دەسەڵات و مانەوەی خۆیان بدەن هەر بۆیە تەنیا هێزە کە دەتوانێ لەنێویان بەرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا بێنێ. زیاتر لە چل و دوو ساڵە کۆماری ئیسلامی بەم لۆژیکە وێنەی هەموو دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی دیکە جوڵاوەتەوە و هەمیشە وڵامی بۆ کێشەکان زەبروزەنگ بووە و لەولاشەوە بە هەر پاشەکشەیەکی ئازادیخوازان و خەباتکارانی ناوخۆ یان بێدەنگی دنیای دەرەوە بە هەر ئامانجێک بووبێت، چەند هەنگاو هاتوونەتە پێش و ماف و ئازادییەکانی خەڵکیان زیاتر بەرتەسک کردووەتەوە و لەباری نێونەتەوەییشەوە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانیان پێشێل کردووە کە لە درێژەدا ئاماژە بە چەند وێستگەی گرینگ دەکەین.

وێستگەی یەکەم؛ پاش بەتاڵانبردنی شۆڕشی٥٧ لەلایەن ئاخوندەکانەوە گەلی کورد کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش خەباتێکی بێوچانی بە نرخی فیداکردنی سەدان ڕۆڵەی قارەمانی خۆی و زیاتر لە سێ دەیە دژ بە دەسەڵاتی پاڵەوی بەرێوە بردبوو دەیویست بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بگات و بەرهەمی چەندین ساڵ تێکۆشانی بچنێتەوە؛ بەڵام هەر چەند مانگ پاش سەرکەوتنی شۆڕش و لە گەلاوێژی ٥٨دا لە وڵامی ویست و داخوازییەکانیدا لەگەڵ فتوای جەهادی خومەینی بەرەوڕوو بوو.

وێستگەی دووهەم؛ چل و دوو ساڵ پاشتر و ئەمجارەیان ڕاپەڕینێک لە ئەلئەحواز دێتە ئاراوە؛ خەڵک هاواری ئەوە دەکەن کە تینوویانە و دژ بەو دەسەڵاتەی کە ئەم کێشە ژینگەییەی بۆ دروست کردوون دروشم ئەدەن و لە ماوەیەکی کەمدا کۆماری ئیسلامی چەندین کەس لەم خەڵکە لە سەر داوای سەرەتاییترین مافەکانیان دەکوژێ و بە سەدان کەس دەستبەسەر دەکات.

> **دەسەڵاتە سەرەڕۆکان بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتێک چوون ڕەواییان لەنێو جڤاکدا نییە هەوڵ ئەدەن هێز بەکار بێنن و لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ترس و تۆقاندنەوە درێژە بە دەسەڵات و مانەوەی خۆیان بدەن هەر بۆیە تەنیا هێزە کە دەتوانێ لەنێویان بەرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا بێنێ**

**بواری نێونەتەوەیی**

وێستگەی سێهەم؛ هەر پاش دەسبەکاربوونی دەسەڵاتی مەلاکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دەستیان دایە تیرۆر و تۆقاندن و لە ساڵی ٥٨وە تا ١٣٧١تەنیا لە دەرەوەی ئێران سەدان تێکۆشەری سیاسی و ڕێبەری نەتەوەییان لە وڵاتانی دەرەوە تیرۆر کرد؛ بەچەشنێک کە کاریان گەیاندبووە جێگەیەک کە چالاکانی سیاسی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیا پان و بەرینەدا هەست بە تەناهی و پارێزراوی نەکەن. وێستگەی چوارەم؛ بەپێی هەندێ لە بەڵگەکان کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتەوە هەوڵی وەدەسهێنانی چەکی ناوکی داوە تا لەم ڕێگەوە مانەوەی خۆی لەهەمبەر هێرشی دەرەکیدا گارانتی بکات و تا هەنووکە بە سەدان میلیارد دۆلاری سەرەڕای دژایەتی دنیا خەرجی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی کردووە و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانی پێشێل کردووە.

> **پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان و سەرهەڵدانەوەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەڕەشەی هێرش و لەنێوبردنی لایەنە کوردییەکان بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا بە دەیان جار مەتەرێزەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان تۆپباران کردووە و بە ڕێکخستنی دەیان شەڕی ڕەوانی هەوڵی ئەوەی داوە دۆخەکە بۆ بەر لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ بگێڕێتەوە**

نموونەی ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی هێندە زۆرن کە باس کردنیان چەندین کتێبی پێویستە بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بەم چوار وێستگە وەک نموونە کرد لە نێو سەدان نموونەی دیکەدا لە بەر ئەوەی خاوەن یەک خاڵی هاوبەشن، ئەویش خەباتی خەڵکی جوغرافیای ئێران لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی لە نموونەی یەکەم و دووهەمدا و لە نموونەی سێ و چواریشدا ڕاوەستانی دنیای دەرەوە لەهەمبەر ڕێژیمی مەلاکاندا. پاش ئەوەی خومەینی فەرمانی جەهاد دژ بە نەتەوەی ئێمە دەردەکات، خەڵکی کوردستان بڕیاری بەرەنگاری و خەباتی شۆڕشگێڕانە ئەدەن بەم هۆیەشەوە خومەینی پاش چەند هەیڤ ناچار دەبێ یەکەم جامی زار فڕ بکات و داوای ئاشتی بکات لەگەڵ خەباتگێڕان و بە ڕواڵەتیش بووبێت چۆک بۆ داخوازییەکانی نەتەوەکەمان دابدات. لە نموونەی دووهەمدا کاتێک کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئەلئەحواز بەرەوڕوو بوو ناچار بوو بە شێوازی کاتیش بووە مل بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک بدات و لانیکەم بە شێوازی کاتی بە هەر نرخێک بووە ئاو بۆ خەڵکی ئەو پارێزگایە دابین بکات. لە نموونەی سێهەمدا ڕەوتی تیرۆر تا دادگای میکۆنۆس و ڕیسوایی پلە بەرزترین کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی درێژە دەکێشێت، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی دادوەری ئاڵمان بێ سڵکردنەوە لە گوشارەکان دژ بە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی دەوەستێتەوە ئاخوندەکان ناچار دەبن پاشەکشە بکەن و کردەوە تیرۆریستییەکانیان لە ڕۆژاوا ڕابگرن.

لە هەوڵدان بۆ وەدەسهێنانی چەکی ناوکیدا تا شوێنێک دەچنە پێش کە دۆسیەی ناوکی کۆماری ئیسلامی ڕادەستی شۆڕای تەناهی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت و هەموو کات ئیمکانی ئەوە هەبوو کە بڕیاری هێرش بۆ سەر دەسەڵاتی ئاخوندەکان دەربکرێت هەر بۆیە لە ژێر گوشاردا ناچار بە واژۆکردنی ڕێککەوتن دەبن و لانیکەم لە ڕواڵەتدا دەس لە هەوڵدان بۆ وەدەسهێنانی چەکی ناوکی هەڵدەگرن.

خاڵی هاوبەشی دوو نموونە ناوخۆییەکە سەرکوت و زەبروزەنگی خەڵکە و هی دوو نموونە دەرەکییەکەش پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەر چوار نموونەکە پاشەکشێی تۆتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامییە کاتێک گوشاری بۆ دێت و بەرەوڕووی بەرەنگاری دەبێتەوە و ناچار بوونیەتی بە ملکەچ کردن بۆ داوا ڕەواکان ئەگەر بە شێوازی کاتیش بووبێ. پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان و سەرهەڵدانەوەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەڕەشەی هێرش و لەنێوبردنی لایەنە کوردییەکان بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا بە دەیان جار مەتەرێزەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان تۆپباران کردووە و بە ڕێکخستنی دەیان شەڕی ڕەوانی هەوڵی ئەوەی داوە دۆخەکە بۆ بەر لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ بگێڕێتەوە. بەڵام هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئەمساڵدا و هێنانی هێز بۆ ناوچە سنوورییەکان و چەندین جار داواکردن لە لایەنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ گوشارهێنان بۆ سەر خەباتکاران و تەنانەت دەرکردن و چەک کردنی لایەنە کوردییەکان لە ئەمساڵدا چڕتر بووەتەوە و دیارە کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی هەست بە مەترسییەکانی زیاتر پەرەگرتنی هزر و هێزی ڕاسان دەکات، هەر بۆیە لە ١٨ی مانگی خەرمانانەوە دەستی دایە هێرشێکی بەربڵاوی ئاسمانی بۆ سەر مەتەرێزی پێشمەرگە لە شاخ و بۆ یەکەم جار هەندێ لە چەکە نوێکانی لە سەر خەباتی ڕەوای گەلەکەمان تاقی کردەوە. تا ئێرە وەک هەموو جارەکانی دیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا بە زەبروزەنگ و ئاگر و ئاسن وڵامی ویستە ڕەواکانی خەڵک بداتەوە و بەر لەوە بگرێت کە ڕاسان ببێتە مەترسی سەر مانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە گشتیەتی خۆیدا، بەڵام ئەوەی کە ڕەنگە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی کۆماری ئیسلامی پێشبینیان نەکردبێ بەرخۆدانی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە چەکی ئیرادەوە وڵامی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیان دایەوە و چەند درۆنی کۆماری ئیسلامیشیان خستە خوارەوە، لێرەدایە کە بەرپرسانی سیاسی و نیزامی کۆماری ئیسلامی توشی دوڕدۆنگی دەبن و لە درێژەدانی هێرش ترسیان لێ دەنیشێت. ئەوان زراویان لەوە تۆقیوە کە ئەو هەیمەنەی بە درێژایی چەند ساڵ بە کوشتوبڕ و زەبروزەنگ لە خۆیان لە نێو خەڵکی ناو جوغرافیای ئێران و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش دروستیان کردبوو تێک بشکێت و هەر بۆیە بە شێوازی کاتیش بووە دەستی ڕاگرتووە زیاتر پەنای بۆ شەڕی ڕەوانی هێناوەتەوە. کەوابوو ئەم وێستگەی خەباتیش دژ بە کۆماری ئیسلامی وەک چوار وێستگەکەی دیکە تا ئەم کاتەش بەڕێوە چووە و کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەک پاشەکشێی کردووە لێرەدا ئەوەی گرینگە و خەڵکی گشت وڵاتی ئێران و بەتایبەت زاگرۆسنشینانی کۆلۆنیکراو چاوەڕێی دەکەن ئیرادەیە بۆ خەبات تاکوو فرێدانی ئەم ڕێژیمە بۆ نێو زبڵدانی مێژوو دەنا وەک چوار وێستگەکەی کە پێشتر باسمان کرد کۆماری ئیسلامی هەر پاش ئەوەی هەست بکات مەترسییەکان لەسەری ڕەواونەتەوە دەس ئەداتەوە بە زەبروزەنگ و پێشێلکردنی هەموو ماف و یاساکان؛ هەر وەک چۆن دیسانەوە و دڕندانەتر هێرشی کردەوە بۆ سەر کوردستان و لە کاولکردنی ژینگەی ئەلئەحواز هەر بەردەوامە و لەباری نێونەتەوەیشەوە دەستی کردووەتەوە بە تیرۆر. تەنانەت لە ڕۆژاوایش و لە باری ناوکیشەوە وەک هەندێ لە کارناسانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی دەڵێن چەند هەیڤی ماوە بۆ دەسراگەیشتنی بە چەکی ناوکی؛ لەم وێستگەشدا کە دەکرێ وەک وێستگەی پێنجەم ناوی بەرین ئەگەر ڕاسان، خەباتی خۆی شێلگیرانە پەرە پێ نەدات و کەڵک لە هەموو شێوازەکانی دیکەی خەبات وەرنەگرێت و یەک هەنگاو پاشەکشێ بکات، کۆماری ئیسلامی بە چەک کردنی لایەنە کوردییەکانیش ڕازی نابێت جگە لە دەرکردنیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان! کەوابوو نابێت لە بیرمان بچێت کە کۆماری ئیسلامی لە مێژووی خۆیدا چەندین پاشەکشێ و تەسلیم بوونی ئەزموون کردووە وەک ئەو نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن بەڵام ئەم چۆکدادانانە چوون نەبووەتە هۆی ڕووخانی دەسەڵات هەر بۆیە پاش ماوەیەک و بە کۆکردنەوەی هێز و خۆتەیارکردن لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەش کە بە قازانجی خەڵکانی دراوسێ و دونیا و یان خەڵکی ناوخۆش بووبێت پاشگەز بووەتەوە هەر بۆیە تەنیا ڕێگە خۆبەهێزکردن لە هەموو بوارەکاندا و لە پانتایی گشت زاگرۆسە و لە ڕێگەی هێزیشەوە ئەسپاردنی کۆماری ئیسلامی بە زبڵدانی مێژووە دەنا ئەم دەسەڵاتە هەنگاوێک لەهەمبەریدا پاشەکشێ بکەیت چەند هەنگاو بە قازانجی خۆی و دژ بە مافە ڕەواکانمان دێتە پێش و بچوکترین مافەکانیش کە بەقوربانی و خوێن و فرمێسک وەرگیراوە هەر کات دەرفەتی بۆ بێتە پێش زەوتی دەکاتەوە کەوابوو تەنیا بەرخۆدان پاشەکشە بە تۆتالیتاریزم دەکات و لە نێوی دەبات.

# وەزیرانی سزادراو لە کابینەی ڕەئیسیدا

## بونیاتی بەرگریی لە دێموکراسییەکان

**وەرگێڕ: ئارمان حسەینی**

کابینەی سەرکۆماری تازەدانراوی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی، بە دانانی بژاردە توندڕەوەکان لە پۆستە سەرەکییەکان و ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، خەریکی ئامادەکاری و بەرنامەڕێژین بۆ چەسپاندنی پڕۆژەی خامنەیی کە بۆ چەندین دەیە پلانی بۆ داناوە. بەرپرسە دەستنیشانکراوەکانی کابینەی ڕەئیسی چەندین کەسن کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی «مەحموود ئەحمەدی نژادی»شدا لە خزمەت ڕێژیمدا بوون. «ئەحمەدی نژادی»ش دژایەتییەکی بەرفراوانی وڵاتانی ڕۆژاوایی دەکرد و ئەندامانی کابینەکەشی لە کەمئەندامانی ئەمنییەتی و نیزامی پێکهاتبوون. کابینەی نوێی ڕەئیسی بە نیشاندانی ڕووخساری ئاسمانیی دەسەڵاتی خۆی، پێکهاتووە لە ١٢ ئەندامی گەمارۆ لە سەر، دۆخێک کە ڕێژیمی ئێران لە مێژووی خۆیدا تا ئێستا بە خۆیەوەی نەبینیوە. ئەم کەسانە بەهۆی پێوەندییان بە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم، پشتیوانییان لە تێرۆریزم و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەلایەن ئامریکا، بریتانیا، یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان) گەمارۆ دراون. ئەم ١٢ کەسە لە پۆستە گرینگەکانی وەک وەزیری بەرگری، وەزیری نێوخۆ، وەزیر نەوت و دوو کەسیشییان وەکوو جێگرانی سەرکۆمار دەستنیشان کراون. ٨ کەس لە ئەندامانی گەمارۆدراوی کابینەی ڕەئیسی لەلایەن ئامریکاوە لە لیستی تایبەتی کەسایەتییە گەمارۆدراوەکاندان، ٧ کەسیان لەلایەن وڵاتی «بریتانیا»وە و ٧ کەسیشیان لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە و یەک کەسیشیان لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆ دراون. لیستەکەی یەکیەتیی ئورووپا و بریتانیا وەکوو یەکە و هەر دووکیان لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بەپێی بەرنامەی لەپێشدا دیاریکراو کە لە ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٥دا واژۆ کرا و بە ڕێککەوتنی «بەرجام» ناوی دەرکرد ٣ کەس لە گەمارۆدراوەکان لە لیستەی گەمارۆکانی بریتانیا و ئورووپا دێنە دەرەوە.

٤ کەسی دیکە لە ئەندامانی کابینەی گەمارۆدراو لە لیستی گەمارۆکاندا بەهۆی ئەوەیکە هۆکاری سزادانیان پێوەندی بە پرسی مافەکانی مرۆڤەوە بووە و هیچ پێوەندییەکیان بە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمەوە نەبووە، دەمێننەوە. ٣ کەس لەم ٤ کەسە تا ئێستا لەلایەن وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکاوە گەمارۆ نەدراون. ڕەئیسی بەهۆی ڕۆڵێک کە لە کوشتن و ئێعدامەکانی ساڵی ٦٧دا وەکوو یەکێک لە ئەندامانی «کۆمیتەی مەرگ» هەیبوو، واتە کوشتنی هەزاران زیندانیی سیاسیی دژبەری ڕێژیم و هەروەها بەهۆی ئەوەیکە پێشتر خامنەیی پۆستێکی دەوڵەتیی پێدابوو لەلایەن ئامریکاییەکانەوە خرابووە نێو لیستی گەمارۆدراوەکان. چەندین ئەندامی دیکەی کابینەی ڕەئیسی بەهۆی چالاکییان لە تۆڕە بەربڵاوەکانی خامنەیی و ئاشکرابوونی دەوریان، لەلایەن ئامریکاوە لە لیستی کەسایەتییە گەمارۆدراوەکاندا جێیان گرت و سزا دران. «محەممەد موخبیر» یەکێک لەو کەسانەیە کە ئێستا جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێرانە و پێشتریش بەرپرسی یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی خامنەیی بە ناوی کورتکراوەی « EIKO » بوو هاوڕێ لە تەک ٣ کەسی دیکەدا. هێندێک لە ئەندامانی کابینەی دەوڵەتی نوێی ڕێژیم بەهۆی دەوریان لە تاوانە بێئەژمارەکان، چەند جار گەمارۆ دراون. یەکێک لەو تاوانبارانە، «ڕۆستەم قاسمی»یە؛ قاسمی پلەی سەرتیپی لە سپای پاسداران هەیە. وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا ساڵی ٢٠١٠ «ڕۆستەم قاسمی» بەهۆی چالاکییەکانی لە ڕاستای گەشەی چەکە کۆمەڵکوژییەکان و دەوری لە باسکی «موهەندیسی» سپای پاسداران، سزا دا و خرایە لیستی گەمارۆدراوەکانەوە. وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا دیسان و لە ساڵی ٢٠١٩ قاسمی بەهۆی هەوڵەکانی بۆ دەوردانەوەی گەمارۆکانی سەر نەوتی ئێران لە ڕێگەی سپای «قودس»ـەوە لە سەردەمی فەرماندەیی قاسم سلێمانی، خستە نێو لیستی گەمارۆدراوەکانەوە. قاسمی هەروەها لەلایەن بریتانیا و یەکیەتیی ئورووپایشەوە بەهۆی هەوڵەکانی بۆ دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، گەمارۆ دراوە، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی بەرجام لە ساڵی ٢٠١٥ تاکوو ڕێککەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لە لیستەی گەمارۆدراوەکاندا دەرهێنراوە. بێجگە لەمانە، دوو کەس لە ئەندامانی کابینەی ڕەئیسی بەهۆی بەشدارییان لە هێرشی تێرۆریستیی ساڵی ١٩٩٤ بۆ سەر ناوەندی جووەکان (AMIA) لە شاری «بۆینس ئایرس»ی ئارژانتین کە بوو بەهۆی کوشتنی ٨٥ کەس، لەلایەن پۆلیسی «ئینتێر پۆل»ـەوە داوا کراون و بەدوایانەوە دەگەڕێن. هەر دووکیشیان سەر بە سپای پاسدارانن. هەرچەند ڕەئیسی وەکوو سەرکۆماری پێشووی خۆی پلەدارێکی ئەرتشی وەکوو وەزیری بەرگری داناوە، بەڵام ئەندامانی کابینەی ڕەئیسی لانیکەم ٣ کەسیان پلەی نیزامیی سەرتیپیی سپایان هەیە. چەند کەسی دیکەی کابینەکە یان لە تەک سپادا هاوکارییان کردووە یان پێوەندییەکی نزیکیان هەیە لە تەکیان. ئامریکا ڕێکخراوی سپای پاسدارانی وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی دیاری کردووە، بەڵام سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران بڵاویان کردووەتەوە کە واشنیگتۆن لە ئەگەری ڕێککەوتنی نوێی لە تەک ئێران، سپای تێرۆریستی پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکاندا دەربخات. لە ڕەوتی دیاریکردنی شیاویی ئەندامانی کابینەی ڕەئیسی لە مەجلیسی ئێران «محەممەدباقر قالیباف» سەرۆکی مەجلیس ڕازێکی ئاشکرا کرد، ئەویش ئەوە بوو کە خامنەیی پێداگری لە سەر دەستنیشانکردنی پۆستە ئەمنییەتییەکان و بە تایبەتی وەزیری ئیتلاعات کردووە و نابێت کەسێک بێت جگە لەوەی کە بۆ خۆی دیاری دەکات. لە ئەنجامدا مەجلیس هەموو نەفەراتی پێشنیارکراوی بێجگە لە یەک کەس پەسند کرد و دەنگی متمانەی پێدان. خامنەیی لە هەوڵدایە تاکوو ئەم کابینەیەی کە نزیک بە لە سەدا چلی لە لیستی گەمارۆکاندان پێش بە وروژمی لێگەڕ و بشێوییەکانی دەرەوە بگرێت و ئارامی و ئەمنییەتی پارێزراو بێت و چیدی بۆ ڕاکێشانی سەرنج و ڕەزامەندیی بیانییەکان پێویستی بە خۆمۆدێڕن و میانەڕەو نیشاندان نەکات.

# ژێئۆپۆلیتیکی ئێران، لاوازییەکان، هەڕەشەکان و مەترسییەکان

شاهۆ حوسێنی




## پێشەکی:

ژێئۆپۆلیتیک، جوغراسیاسەت واتە دەوری جوغرافیا لە سیاسەت لقێک لە زانستی جوغرافیای سیاسییە کە تیشک دەخاتە سەر پێوەندییەکانی نێوان جوغرافیا و سیاسەت و بە ڕوونی باس لە کارتێکەرییەکانی جوغرافیا لەسەر سیاسەتەکانی دەرەوە و ئەهوەنی نەتەوەیی وڵاتێک دەکات . ژێئۆپۆلیتیک لە دوو بەشی ژێئۆ بە مانای زەوی و پۆلیتیک بە مانای سیاسەت پێکهاتووە . بۆچوون و ڕوانگەکان لەمەر ژێئۆپۆلیتیک لە نێوان بیرمەندانی زانستی جوغرافی و سیاسەت جیاوازییان هەیە. بیرمەندانی زانستی جوغرافی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژێئۆپۆلیتیک هەر جوغرافیای سیاسییە، بەڵام بیرمەندانی سیاسی و بەشێکی زۆری بیرمەندانی ژێئۆپۆلیتیک جیاوازی دادەنێن لەنێوان جوغرافیای سیاسی و ژێئۆپۆلیتیک. لە ڕوانگەی بیرمەندانی سیاسییەوە ژێئۆپۆلیتیک بریتییە لە شرۆڤەی کارتێکەریی تایبەتمەندییەکانی جوغرافیا لەسەر کردەوەی دەوڵەتەکان، واتە شرۆڤەی ئەوەیکە چلۆن پێگەیەکی مەکانی، سەرچاوە سرووشتییەکان و دانیشتووانی وڵاتێک کە لە هەناوی ئەوانڕا دەوڵەتێک دەرکەوتووە بڕاردەکانی سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکەن و کارتێکەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوە، پێگەی ئەم وڵاتە لە نیزامی پێوەندییە نیونەتەوەییەکان و دەوری ئەم وڵاتە لە نیزامی نێونەتەوەیی هەیە .

## دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران:

ئێران وڵاتێکە کە لە ڕۆژاوای باشووری ئاسیا و لە ناوچەی ژێئۆئیستراتژیک-ژێئۆئێکۆنۆمیکی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەی کەنداو هەڵکەوتووە کە وەک پردی سێ قوڕنەی ئاسیا، ئەورووپا و ئەفریقا دێتە هەژمار. ئێران لە پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و لە چوارچێوەی ستراتێژی بەرگێرەوەی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵ کردنی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو بۆ ئەمریکا گرینگایەتییەکی ژێئۆستراتژیکی هەبوو. بە پلەی یەکەم ئێران جوغرافیایەکی نێونجی لە نێوان سۆڤییەت و کەنداو بوو کە پێشی دەگرت بە داگەڕانی سۆڤییەت بۆ باشووری خۆی، واتە ئێران دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشگرتن بە هەڕەشەکانی سۆڤییەت بۆ سەر ناوچەی کەنداو .

شرۆڤەی سووچەکانی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی لە چوارسووچی ئەو بێگومان باشتر دەتوانێ دۆخی گشتی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران دەربخات.

### ● دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران لە سووچی باکوور

باکووری ئێران لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە بەهۆی جیرانەتی لەگەڵ سۆڤییەت و بەر لەویش کێشە و قەیرانگەلێکی درێژمەودا لەگەڵ ڕووسیا کە بوو بەهۆی دابڕانی بەشێکی بەرچاو لە ئێران بەپێی بڕیارنامەکانی گوڵستان، تورکەمانچای، ئاخاڵ و پاریس گرینگایەتییەکی تایبەتی هەبووە؛ لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانی دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و کوردستان دەرکەوتن و ئەمەش نیشاندەری ڕێژەی قوڵی کێشە و قەیرانی کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێراندایە.

لەپاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت هێژمۆنی و بەرژەوەندییەکانی ئێران لەو ناوچەیە بەتایبەت لە زەریای خەزەر کەم بوویەوە و هەتا ئێستاش ڕێژیمی حقوقی زەریای خەزەر بە تەواوەتی دیاری نەکراوە و هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و بەشی ئێران هێشتا دیاری نەکراوە. تا بەر لە دەرکەوتنی وڵاتانی ئازەربایجان، قەزاقستان و تورکەمەنستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن لێڕەوار لەو زەریا، ئەم زەریایە لەنێوان ئێران و ڕووسیادا کەڵکی لێوەردەگیرا.

گرینگایەتی باکووری ئێران بە تایبەتی لە ماوە چەند ساڵی ڕابردوو زۆر زیاتر بووە، کاتێک لە پاش شکستی ئازەربایجان لە ئەرمەنستان و لەدەستدانی قەرەباغ، ئەم وڵاتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پەرە پێدا و بەم شێوەیە ئیسرائیلی کردە جیرانی سنوورەکانی ئێران.

ئازەربایجان لە درێژەدا بە پشتیوانی ئیسرائیل و تورکیا توانی لە کۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۲۰ شکست بە ئەرمەنستان بێنێت و بەشێکی بەرچاو لە قەرەباغ داگیر بکاتەوە و بەم شێوەیە هاوسەنگی هێز لەو ناوچەیە و دەشێ بگوترێ لە ناوچەی قەوقاز لە بەرژەوەندی خۆی و تورکیا بگۆڕێت؛ ئەوە لەکاتێکدا بوو کە هەم ئێران نزیکایەتییەکی زیاتری لەگەڵ ئەرمەنستان هەیە و هەمیش بەهۆی بوونی ئیسرائیل لە جیرانەتی سنوورەکانی خۆی توورەیە.

لەوەها دۆخێکدا کە کێشەکانی نێوان ئازەربایجان و ئێران بەهۆی گوشارەکانی ئازەربایجان بۆ سەر بازرگانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەرمەنستان تەشەنەی ئەستاندووە، ئێران دوو مانۆڕی سەربازی لە سنووری خۆی لەگەڵ ئازەربایجان بەڕێوە بردووە و ئازەربایجانیش لە نەخجەوان لەگەڵ تورکیا مانۆڕی نیزامی بەڕێوە دەبات.

### ● دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران لە سووچی باشوور

باشووری ئێران لەخۆگری لێڕەوارەکانی ئەو وڵاتیە لەسەر کەنداو و زەریای عوومان، ئەو ناوچەیە گرینگترین و ستراتژیکترین ناوچەی جیهانە بەجۆرێ کە ۳۰ لەسەدی نەوتی جیهان لە کەنداوڕا لەڕێی گەرووی هورمۆز بەرەو زەریای عوومان و جیهان ترانزیت دەکرێت.

لەڕاستیدا ٦٥ لەسەدی نەوتی جیهان و ۲۸ لەسەدی گازی جیهان لە کەنداو هەڵکەوتووە و هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم ناوچەیە وەک ژێئۆپۆلیتیکێکی ژێئۆئێکۆنۆمیک پێناسە بکرێت و بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ پێی زلهێزەکانی جیهانی بۆ پاراستنی ترانزیتی نەوتی ئەم ناوچەیە بۆ ڕۆژاوا بۆ ئەم ناوچەیە ڕاکێشاوە.

درێژایی لێڕەوارەکانی ئێران لە سەر کەنداو و زەریای عوومان ٤۰۲۳ کیلۆمێترە. لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق و کێشەکان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا، ئەم ناوچەیە کێشە و قەیرانگەلێکی بەخۆیەوە بینیوە؛ شەڕی نەوتهەڵگرەکان لە شەڕی هەشت ساڵە، پێکرانی فڕۆکەی ئەیرباسی ئێرانی، قوڵتربوونەوەی کێشەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی ناوچەی کەنداو بەهۆی زێدەخوازی و هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەی هێژمۆنی شیعە لەڕێی ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی عەرەبی و بەرهەمهێنانی ڕێکخراوە تێرۆریستییە نیابەتییەکان و لەم دواییانەشدا هێرش بۆ سەر چەند کەشتییەکی ئیسرائیلی، بەریتانی و کۆریای باشوور، پێکانی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی، لێدانی پاسدار قاسم سولەیمانی سەرۆکی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، گرینگایەتی ئەم بەشە لە ژێئۆپۆلیتیکی ئێرانی بە ڕوونی دەرخستووە، لەڕاستیدا ئەم بەشە لە ژێئۆپۆلیتیکی ئێران چەق و ناوەندی پەرەی هێژمۆنی ئێران لە ناوچەیە.

### ● دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران لە سووچی ڕۆژاوا

ڕۆژاوای ئێران لە باکووڕا بگرە تا باشووری ئەمە بەشە لە ژێئۆپۆلیتیکی ئێران لەخۆگری جیرانێتی تورکیا و عێراقە، پێوەندییەکانی ئێران و تورکیا هەرچەند بە نیسبەت، لە ڕابردوودا کەم کێشە بووە، بەڵام لەپاش دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی کێشە و قەیرانی بەخۆیەوە بینیوە.

هەوڵەکانی تورکیا بۆ پەرەی هێژمۆنی و دەستڕاگەیشتن بە ئەم وڵاتانەی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوون لەپاش ڕووخانی سۆڤییەت کە خاوەن زمان، ڕەچەڵەک و کلتووری هاوبەشن لەگەڵ تورکەکان و لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانی تورک بەشێک لە کلتووری تورانین، پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل، پەرەی هێژمۆنی تورکیا لەڕێی نیزیکایەتی لەگەڵ ئازەربایجان لە قەوقاز، هێرشە توندەکانی تورکیا لە قەیران یەمەندا بۆ سەر ئێران و هەوڵەکانی بۆ هێژمۆنی لەم وڵاتە، لایەنگری ئێران لە دەسەڵاتی ئەسەد و پشتیوانی تورکیا لە ڕێکخراوە بناژۆخوازەکانی دژبەری ئەسەد پێوەندییەکانی ئێران و تورکیای سارد کردۆتەوە.

پێوەندییەکانی ئێران و عێراق لە سەردەمی حەمەڕەزای پاڵەوی و تا بەر لە بڕیارنامەی ئەلجەزایر ئاڵۆز و لێڵ بوو، بەڵام لەپاش ئەم ڕێککەوتنە ئاسایی بوویەوە و هەر لەپاش ئەم ڕێککەوتنە شای ئێران پشتی کوردەکانی بەردا و شکستی بە شۆڕشی نەتەوەخوازانەی کورد هێنا.

لەپاش دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی شەڕێکی قورسی هەشت ساڵە هاتە ئاراوە و ئەم سووچە لە ژێئۆپۆلیتیکی ئێران یەکێک لە قەیراناویترین بەشەکانی ئێران بوو، هەم بە هۆی شەڕی هەشت ساڵە و هەم بەهۆی شۆڕشێکی بەربەرینی نەتەوەخوازنە لەلایەن کوردەکانەوە. لەپاش تێکچوونی دەسەڵاتی سەدام و هێژمۆنی شیعەکان دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئێران و بە دڵخوازی ئێران تا ڕادەیەک پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و ئێران توانیویەتی هێژمۆنی خۆی لە باشوور و ناوەندی عێراق پەرە پێبدات.

### ● دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران لە سووچی ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتی ئێران جیرانەتی دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان لەخۆ دەگرێت. بە هەر ڕێژەیەک پێوەندییەکانی نێوان ئێران و پاکستان کەم کێشە و قەیران بووە، بە هۆی مێژوویەکی پڕ لە شەڕ، قەیران و کێشە لە ئەفغانستان، پێوەندییەکانی ئێران و ئەم وڵاتە لە هەڵکشان و داکشان و قەیراندا بووە، ئێران تا بەر لە ڕووخانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لەم وڵاتە خانەخوێی موجاهیدینی موسوڵمانی ئەفغانستان بوو کە لەلایەن ئەمریکاوە و لەژێر گەڵاڵەی هێنری کیسینجێر پشتیوانی دەکران و پڕچەک کرابوون بۆ شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمۆنیستی و هێژمۆنی سۆڤییەت لەم ناوچەیە، لەپاش دەرکەوتنی تالیبان، ئێران هەستی بە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە کرد و هێرشی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر تالیبان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی تالیبان بوونی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئێران وەک هەڕەشە و کێشەیەک دەرکەوت، پێوەندییەکانی ئێران و دەسەڵاتەکانی حامید کەرزای و ئەشەرف‌غەنی هەرچەند ئاسایی دەنواند بەڵام بەتایبەتی لە دەسەڵاتی ئەشەرەف غەنیدا بەهۆی پشتیوانی نهێنی ئێران لە ئەلقاعیدە و تالیبان تا دەهات لێڵتر دەبوو.

ئێستا بە دەرکەوتنی دووبارەی تاڵیبان هەرچەند ئێران پێی‌وایە دەکرێ هەست بە ئەهوەنی بکات، بەڵام ئەم ناوچەیە بەستێنەکانی کێشە و قەیرانێکی قووڵی نێوان بناژۆخوازی سوننە و شیعەی لەگەڵدایە.

## ئاکام:

ئێران وەک ژێئۆپۆلیتیکێک لەناوخۆ لەخۆگری پلۆرالیزمێک لە نەتەوەکان و بوونە جیاوازەکانی مرۆییە لەلایەک، لەلایەکی‌تر لەخۆگری کۆگشتییەک لە سامان و داهاتە سرووشتییەکانی وەک نەوت و گازە؛ لە دەرەوە ئێران جیران و دراوسێی وڵاتگەلێک و کلتوورگەلێکی جیاوازە کە هەر کام لەم وڵاتانە لەگەڵ بەشێک لە کەمینە نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران بنەماڵەیەک دێنە ئەژمار، بۆ وێنە عەرەب، کورد، تورک، بەلووچ و تورکەمەن.

دیارە ئەم دیاردانە هەم دەتوانن ڕۆڵی پۆزەتیڤ ببینن و هەم ڕۆڵی نێگەتیڤ، لە ئەگەری دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک ئەم دیاردانە دەتوانن ببنە بنەماکانی هێزی نەرم و ڕەق بۆ ئێران، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێران خاوەن دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیکی دیکتاتۆرە و قەیرانی شووناسی نەتەوەیی یەکێک لە قوڵترین کێشەکانی ئێستای ئێرانە.

ئەم دۆخە لە ناوخۆ لە تەنیشت تێکهەڵچوونەکانی ئێران لە ناوچە لەگەڵ دراوسێکان و لە جیهان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان بەتایبەت لەسەر مەسەلەی ناوکی ئێران، دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێرانی قەیراناوی کردووە و ئەم دیاردانە بوونەتە خاڵگەلێکی لاواز بۆ ئێران کە لە ئەگەری دەرکەوتنی هەر جۆرە کێشەیەکی نیزامی لەگەڵ دراوسێکانی بەتایبەتی ئێستا کە کێشەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان خەریکە قوڵتر دەبێتەوە، دەتوانێ تۆپۆگرافی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بگۆڕێت؛ بەتایبەتی کە ئێران لە ماوەی زێدە لە چڵ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی دەستی لە کاروباری ناوخۆیی دراوسێکانی وەرداوە و کێشەی بۆ خوڵقاندوون.

**ئەم دۆخە لە ناوخۆ لە تەنیشت تێکهەڵچوونەکانی ئێران لە ناوچە لەگەڵ دراوسێکان و لە جیهان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاواییەکان بەتایبەت لەسەر مەسەلەی ناوکی ئێران، دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ئێرانی قەیراناوی کردووە و ئەم دیاردانە بوونەتە خاڵگەلێکی لاواز بۆ ئێران کە لە ئەگەری دەرکەوتنی هەر جۆرە کێشەیەکی نیزامی لەگەڵ دراوسێکانی بەتایبەتی ئێستا کە کێشەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان خەریکە قوڵتر دەبێتەوە، دەتوانێ تۆپۆگرافی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بگۆڕێت**

- حافظ نیا، محمدرضا(۱۳۸٤): اصول و مفاهیم ژئوپلیتیک، انتشارات پاپلی، ص ۹.
- دفارژ، فیلیپ مورو (۱۳۹۲): فرهنگ ژئوپلیتیک، سید حامد رضیئی، انتشارات فرهنگ معاصر، ص ۷.
- گریفیت، مارتین(۱۳۸۸): دانشنامه روابط بین‌الملل و سیاست جهان، علیرضا طیب، نشر نی، ص ۵۷٤.
- عزتی، عزت الله(۱۳٦۸): جغرافیای نظامی ایران، امیرکبیر، ص ۲۵-۳۵

# شکستی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش!!!

## (لە پەراوێزی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی نێوان ڕێژیم و ئازەربایجان)



ئەلبۆرز ڕووبینتەن

کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی چوار دەیەیە هەوڵ دەدات شەڕ و ئاڵۆزی لە خۆی دور بکاتەوە و بە ناسەقامگیرکردنی ناوچە و جیهان خزمەت بە تێزی بەناوبانگی خۆی واتە «ئاڵۆزکردنی ناوچە بۆ دوورخستنەوەی دوژمن(!) لە سنورەکانی» دەکات. لە پێناو ئەو سیاسەتەشدا وێڕای ڕژاندنی خوێنێکی زۆر، وەک هۆکاری سەرەکی وێرانی و دواکەوتوویی و هەژاری ئێران و هەموو ئەو وڵاتانە دەزانرێت کە بە جۆرێک بوونەتە قوربانی ئەو سیاسەتانەی ئێران. نمونەی ئەم فاکتە دۆخی سوریە و یەمەن و لوبنان و عێراقە.

دوکتۆرینی سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەموو ئەو تێچوویەیان بە مەبەستی دوورکردنەوەی مەترسی لە سەر ڕێژیم قەبوڵ کردووە.

بەدیوێکی تریدا بە تێچوویەکی زۆرەوە کە قوربانییەکانی خەڵکانی ئێرانن و بەردەوام وەک شانازییەکیش باسی لێوە دەکەن و ئەو وتانەی کە بەرپرسێکی باڵای لەشکری لە وەسفی ئەندازیاری ئەو سیاسەتە واتە تیرۆریست قاسم سلێمانی کە لە تۆڕەکۆمەڵایتیەکاندا بڵاو بوونەوە، بەڵگەیەکی دیکەی تێچووی زۆری ئەو سیاسەتەیە کە دەیگووت:

سنورەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی ئەنجامدانی مانۆڕی نیزامی و بۆ نیشاندانی هێزی سەربازی وەک دەربڕینی ترسی خۆی لە هەبوونی هێزی دوژمن واتە ئیسرائیل لە سنورەکانی، سەلماندی کە ئەو هەموو تێچوویەی کە لە پێناو ئەو سیاسەتە سەرفی کردووە بە مانای تەواوی وشە شکستی خواردووە!

مەترسییەکان نەک دوور نەبوونەتەوە بەڵکوو لە شادەماری سەرەکیش نزیکترە لە ئێران. لەم ڕاستایەشدا جارێکی دیکە دەبینین کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر بە شکست کۆتایی پێ دێت و تێچوویەکەشی دەبێ گەلانی بندەستی ئێران بدات.

ئاڵۆزی ئەو دواییانەی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئازەربایجان لەناکاو دروست نەبوون بەڵکوو دەرخەری پۆتانسییەلی گەورەی ناکۆکییەکانە کە چەندین ساڵە بەهۆی هەبوونی پەیوەندی ئابووری چڕ لە نێوان ئیسرائیل و ئازەربایجان دروست بووە.

ئیسرائیل بەشێکی بەرچاوی نەوتی خۆی لە ئازەربایجان دەکڕێت و ئازەربایجان بەشێکی گرینگی چەکوچۆڵەکانی لەڕێگەی ئیسرائیلەوە دابین دەکات؛ ئەوەش وایکردووە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئیسرائیل و ئازەربایجان دروست ببێت کە ئازەربایجان لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا بەهێز بکات و ئیسرائیلیش بگەیەنێتە سنوری ئێران

دوایین شەڕی قەرەباغدا بە پێچەوانەی ویستی کۆماری ئیسلامی ببینین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئێران لە باکورەوە لە ژێر گوشارێکی جیددی گۆڕانکاری ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەدایە کە هەموو ئاراستەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی دەبینرێن.

سەپاندنی باجی زیادتر بە سەر ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانی ئێرانی کە ناچارن ئیتر سنوری ئازەربایجان بپێون بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئەرمەنستان، تەنیا ڕووداوێکی ساکار نییە بەڵکوو نیشانەی بەهێزی وڵاتی ئازەربایجانە لە دروست کردنی کاناڵێکی وشکایی لە نێوان تورکیە و کۆمارە تورک زمانەکان کە دەتوانێ زۆر بابەت لە باکوری ئێران و تەنانەت لە خاڵی سیفری سنوری ئێران بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران بگۆڕێت کە ئەوەی دەبینین تەنیا دەستپێکی دەرکەوتنی ئەو گۆڕانکارییانەن.

نمونەیەکی دیکەی ئەو گۆڕانکارییانە مانۆڕی لەشکری سێ برا واتە ئازەربایجان وتورکیە و پاکستان وەک هێزی ئەتۆمی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە مانگی ڕابردوو بوو کە نیشانی دا ئازەربایجان نەک بەهێزبوونی خۆی ناشارێتەوە بەڵکوو بۆ نمایش کردنی بەردەوام هەوڵ دەدات و ئەو مانۆڕەش وەک خشتێکی دیکە بوو بۆ سەر دیواری ترسی کۆماری ئیسلامی لە ڕووداوەکانی باکوری ئێران.

لە دۆخێکی وەها هەستیاردا بێگومان پرسیاری ئەوەی کە ئەو ئەنجام دەدرێت نەک بۆ ئامادەیی شەڕ، ئەوەی لە دوایین مانۆڕی سەربازی ئێران کە دیتمان ڕوویەکی دیکەی مەترسی ئێران بوو بە نیسبەت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەرەوەدا باسمان کرد، بە تایبەتی نیشاندانی هێزی دڕۆنەکانی ڕێژیم (کە تا چەند توانایان هەیە جێگای پرسیارە!!!) لە کاتێکی وەهادا نەک بە مەبەستی شەڕ بەڵکوو بە مەبەستی ئەوەیکە دەترسێن شەڕ ڕووبدات بوو.

ئەوە تەنیا مەترسی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە کاریگەرییان لەسەر کوردستان لە باکور و ڕۆژاوای سنووره دەسکردەکانی ئێراندا هەیە، یەکێکی دیکە لە پرسە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە ئەگەر پەیوەندیشی بە بابەتی سەرەوە نەبێت بەڵام وەک هێزێکی شوێندانەر لایەکی دیکەی ترسی کۆماری ئیسلامی نابێ فەرامۆش بکەین.

هەروەکوو دەبینین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی پڕۆپاگەندەی خۆی کە باس لە لاوازی دوژمنەکانی بەتایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەدا دەکات کە تێچوویەکی زۆری بۆ داوە، دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک زیاتر نزیکترن لە کۆماری ئیسلامی و مەترسیان لە هەموو کات بۆ سەر ئێران زیاتر بووە.

**بێگومان گەلانی ستەملێکراوی ئێران ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا تێگەیشتوون کە مانۆری سەربازی «فاتحان خیبر» نەک ناتوانێ پێش بە لاوازی و شکستی کۆماری ئیسلامی بگرێت بەڵکوو جارێکی دیکە سەلماندی ئێران تەنیا لە نێوخۆدا کڵۆڵ نەبووە بەڵکوو تەنیا فاکتەرێک کە خۆی تێدا سەرکەوتوو دەدیت واتە دورکردنەوەی شەڕ لە خۆی بە دروست کردنی ناسەقامگیری ئیتر وەڵامدەر نییە بەڵکوو ئەمڕۆ شەڕ نزیکی تەورێز بۆتەوە**

«سلێمانی شەش ئەرتەشی بۆ پارێزگاری لە ئێران لە وڵاتانی دیکە دروست کردووە».

پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیاری ئەگەر تێچووی دروستکردنی شەش ئەرتەش لە ئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵاتێک خەرج بکردایە چۆن ئەو وڵاتە دەبوو بە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتی ناوچە و بگرە دونیاش ئەو پرسیارە لە خوێنەران دەکەم کە ئایا ئێران توانیویەتی مەترسی دوژمنەکانی لەوانەش ئیسرائیل لە سنورەکانی خۆی دور بکاتەوە؟

دیمەنی ناردنی هێزی بەرفراوانی لەشکرە زرێهییەکانی ڕێژیم بۆ و ببێتە دۆستێکی گرینگی یەکێک لە کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت کە بۆ ئەمریکاش کە بەردەوام باس لە مەترسی ڕوسیە دەکات گرینگ بێت.

لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئازەربایجان و تورکیە کە پارسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە لای تورکیە وەک ڕکابەرێکی ئێران لە ناوچەدا دەشکێنێتەوە لایەنێکی ناوچەییش دەدات بە ئەو پرسە.

بەتایبەتی ئەگەر بەرهەمی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە لە سەرکەوتنی ئازەربایجان بە سەر ئەرمەنستاندا لە هاوکارییە بەرفراوانەی کە تورکیە و ئازەربایجان هەیەتی و بۆتە هۆی بەهێزی ئازەربایجان و تەنانەت وەک فاکتەرێکی سەرەکی یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتنی ئازەربایجان لە ئەرمەنستان بە تایبەتی بە هۆی بەکارهێنانی دڕۆنەکانی تورکی تا چەند کاریگەریان لە سەر تەورێز وەک هێمای ئازەرییەکانی ئێران هەبووە لە مێشکی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لە تاران وەک زەنگێکی مەترسی لێدراوە کە ئەگەری هاتنە پێشی هەر ڕووداوێک هەیە.

لە زانستی سەربازی زۆر جار مانۆڕی لەشکری بۆ دورخستنەوەی مەترسی

بێگومان گەلانی ستەملێکراوی ئێران ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا تێگەیشتوون کە مانۆری سەربازی «فاتحان خیبر» نەک ناتوانێ پێش بە لاوازی و شکستی کۆماری ئیسلامی بگرێت بەڵکوو جارێکی دیکە سەلماندی ئێران تەنیا لە نێوخۆدا کڵۆڵ نەبووە بەڵکوو تەنیا فاکتەرێک کە خۆی تێدا سەرکەوتوو دەدیت واتە دورکردنەوەی شەڕ لە خۆی بە دروست کردنی ناسەقامگیری ئیتر وەڵامدەر نییە بەڵکوو ئەمڕۆ شەڕ نزیکی تەورێز بۆتەوە.

## وێـــستگە

### دەبێ کۆتایی پێ بێت



نووسین: هێمۆ

ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ئەمساڵ، هەواڵێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، مانشێتی هەواڵەکە مرۆڤی ڕادەکێشا بۆ خوێندنەوەی بابەتێک کە دیار بوو چەندە بەسۆیە؛ باوکێک بەهۆی پێوەندیی کچەکەی لەگەڵ کوڕێک، بەنزینی پێدا دەکات و دەیسووتێنێ، کچەکەش (فائزە مەلەکی‌نیا) بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی سووتانەکەیەوە، کە ٨٥ لەسەد ڕاگەیەندراوە، پاش چەند کاتژمێر گیانی لەدەست دەدات!

ڕەنگە هەواڵی لەم چەشنەمان زۆر بیستبێت، ڕەنگە هەندێک لە قوربانییەکانیشمان لە نزیکەوە ناسیبێتن، بەڵام ئایا تاکوو ئێستا بیرمان لەوە کردووەتەوە کە ڕەنگە قوربانی دوایی ئێمە بین؟!

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕێژەی ئەم جۆرە تاوانانە بەگشتی لە ئێراندا بەرز بووەتەوە، بەڵام وەک هەمیشە کوردستان لەمبارەوە زیادتر پشکی بەرکەوتووە. لە ماوەی ڕابردوودا هەواڵگەلی لەم چەشنە، هەموومانی هەژاند، لە شارەکانی سنە، سەقز و سەردەشت و مەریوان، چەندین جینایەت لە ژێر ناوی «پاراستنی نامووس»دا ڕوویان دا، بەڵام ئەوەیکە سەرنجڕاکێشە نەبوونی یاسا و ئازادبوونی بکەرەکانی ئەم تاوانانەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە، هەواڵدرییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ شاردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە و بەلاڕێدابردنی بیری گشتیی کۆمەڵگا، ڕایانگەیاندووە کە «فائزە» خۆکوژیی کردووە !

چالاکێکی مافی ژنان لەمبارەوە لە وتوێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدریی کوردپا ڕایگەیاندووە کە «فائزە» خۆشەویستی هەبووە و ویستوویەتی هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، بەڵام باوکی بەم کارە ڕازی نەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە پزیشکی دادوەری تەرمەکەی نەپشکنیوە و هیچ بەڵگەیەک لەمبارەوە لە لایەن ئەم ناوەندەوە بوونی نییە، پزیشکەکەی «فائزە» فیلمێکی لە قوربانی هەڵگرتووەتەوە کە تێیدا باوکی بە بکەری ئەم کارە ناو دەبات، بۆیە هەموو ئەمانەی بە هۆکار بۆ کوشتنی «فائزە» لەلایەن باوکییەوە ناو بردووە. بابەتێکی گرینگتر لەم ڕووداوە ئەوە بوو کە پزیشکی «فائزە» بە بڵاوکردنەوەی پۆستێکی ئینستاگرامی پەردەی لە سەر ئەم تاوانە لادا و دواتر ئەم پۆستە سڕدرایەوە، ڕۆژێک دواتر، واتە لە ڕۆژی ١٢ی ڕەزبەردا، دادستانی گشتیی شاری سنە خوازیاری ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی لەگەڵ پزیشکەکە بوو، ئەمە لەحاڵێکدایە کە تاکوو ئێستاش هیچ ناوەندێکی ڕێژیم، لەوانە ئیدارەی ئاگاهی، هێزی ئینتیزامی و لێکۆڵەران هیچ دژکردەوەیەکیان نەبووە و تەنانەت لێپرسینەوەیەکی ئاساییش لە باوکی «فائزە» نەکراوە.

دیارە کە بێدەنگبوونی بەرپرسانی پێوەندیدار سەبارەت بەم ڕووداوە ڕیشەی لە یاسا و بیری چەقبەستووی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بەرانبەر بە ژناندا هەیە، هیچکەس ناتوانێ حاشا لەو ڕاستییە بکات کە بێدەنگبوونە بەردەوامەکانی یاسا لە بەرانبەر ئەم جۆرە کردەوانەدا، سەرەکیترین هۆکاری بەردەوامبوون و دڕندانەتربوونەوەی ڕووداوگەلی لەم چەشنەن.

بەڵام بێدەنگی تا کەی؟ ئایا ئەم بێدەنگبوونە هەموومان ناکاتە قوربانی؟ ئایا نابێ لەوە بترسێین کە قوربانی دوایی ئێمەین؟

دیارە کە چالاکانی بواری ژنان هەمیشە لەمبارەوە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەم جۆرە تاوانانەیان داوە، هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوەشدا، ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەر، کۆمەڵێک لە چالاکانی مافی ژنان لە بەردەم دادگوستەریی سنەدا کۆبوونەوە و وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە قێزەون و نامرۆڤایەنە، بەنیسبەت نەبوون و بەڕێوەنەچوونی یاسا کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ڕوومالی ئەم هەواڵەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکەی لە سەر خەڵک، نیشان دەدەن کە زۆرینەی خەڵکیش هاوکات لەگەڵ چالاکانی بواری مافەکانی ژنان خوازیاری کۆتاییهاتن بەم دۆخەن و ئەوانیش هاوڕان کە دەبێ ئەم جۆرە کردەوانە کۆتاییان پێ بێت.

بێگومان ڕۆڵی پەروەردە و نەهێشتنی ڕوانگەی جنسییەتی بە نیسبەت ژنان و سڕینەوەی ئەو پێناسە باو و هەڵانەی کە سەبارەت بە کچان و ژنان لە کۆمەڵگادا هەیە ئەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی ئەم جۆرە دیاردانە لە داهاتوودا بێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە چاوەڕێ بکەین و بزانین تا ئەو کاتە چەندین «فائزە»ی دیکە دەبنە قوربانی.

لە زۆربەی ماڵەکاندا، لانیکەم «فائزە»یەک هەیە کە ڕۆژانە دەکەوێتە بەر تەوژمی ئازار و قسەی ناشیرین و هەڵاواردن تەنیا بەو تاوانەی کە لە ڕەگەزی مێدا خولقاوە و ئەمە تاوانە، بۆیە پێویستە کە بە هەستیارییەکی تەواوەوە لەم پرسە بڕوانین و هەوڵ بدەین بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی ئەم کێشەیە هەنگاوی جیددی هەڵبگرین، تاکوو لانیکەم دڵنیا بین کە ئێمە بەرهەمهێنەرەوەی بیری چەقبەستوو بە نیسبەت ژنان و کچان نین و ئەوانیش وەکوو مرۆڤێکی ئازاد مافی ژیان و بڕیاردانیان هەیە.

هاتنە دەنگی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت ئەم بابەتانە گرینگ و جێی بایەخە و بەردەوامبوونی نارەزایەتییەکانی خەڵک بە نیسبەت ئەم دیاردانە دەتوانێ پرۆسەی بنبڕکردنەکە خێراتر بکاتەوە، بۆیە هاوکاری و هاودەنگی و هاوهەڵوێستی لەم کاتەدا خاڵێکی گرینگ و جێی بایەخە و دەبێ گرینگیی تایبەتی پێ بدرێت.

# کۆماری ئیسلامی لە بیردۆزیی هانا ئارێنتدا

**شەماڵ تەرغیبی**

### بەرایی

یوهانا کوهێن ئارێنت، فەیلەسووف و مێژوونووسی ئاڵمانی – ئامریکایی کە بە یەکێک لە بیرمەندانی سەدەی بیستەم لە بواری سیاسەت دەژمێردرێ و باوەڕەکانی کاریگەری قوڵیان لەسەر دێموکراسی و دژایەتی کردنی سیستمە تۆتالیتێرەکان هەیە، لە کتێبی بەناوبانگی خۆی لەژێر ناوی «ڕەگەکانی تۆتالیتاریزم» (کە تاوتوێ کردن و ئانالیزی هەر دوو سیستمی نازیزم و ستانیلیزم، وەک دوو سیستمی تۆتالیتێری سەدەی بیستەم بوون) کۆمەڵێک بۆچوون دەخاتە ڕوو کە لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ بە کەڵکوەرگرتن لە بەشێکیان دۆخی هەنووکەیی زاڵ بە سەر ئێران و سیستمی زاڵ لەم وڵاتە شەنوکەو بکرێت.

### کۆماری ئیسلامی چی دەوێ؟

هانا ئارێنت پێی وایە «تەنیایی» بەپێچەوانەی خۆتەریک‌خستنەوە، توانایی و ئازادییەکانمان بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین لە نێو دەبات؛ لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان نایانهەوێ خەڵکانی ژێر چەپۆک و دەسەڵاتەکەیان خاوەنی هێزی تێفکرین و بیرکردنەوە بن و لە توانایی و ئازادییە (تەنانەت تاکەکەسییەکانیشیان) دەترسێن! کەواتە هەوڵ دەدەن تاکەکانی نێو کۆمەڵگا نەک تەنیا تەریک بخەنەوە بەڵکوو ناچاریان بکەن کە تەنیا بمێننەوە و لە تەنیایی خۆیاندا ئەوەندە نوقم ببن تاکوو وزەی بیرکردنەوەیان نەمێنێ. ئەگەر ئەم تێڕوانینە بە هەند وەربگرین و ئاوڕێک لە بارودۆخی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە بدەین کە بە ئێران ناسراوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بە سازکردنی کەشێکی تایبەتی دەروونی – سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە نێو کۆمەڵگا، هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات تاکوو ڕێگری بکات لە سازبوونی گرووپ و دەستەی تەنانەت بچووکی کۆمەڵایەتی و تاکەکان بە ڕوانینی دوور لە متمانە لە یەکتر ئامادە نەبن بیروڕاکانی خۆیان بۆ یەکتر باس بکەن و ئەم دردۆنگییە بەرامبەر بە یەکتر بکەنە هەوێنی جۆرێک لە «خودسانسوری». زۆر جاران لە نێو کۆمەڵگادا ئەوەمان بینیوە یان بیستووە کە دەوترێ: «تەنانەت متمانەم بە منداڵەکانیشم نییە تا قسەی دڵی خۆم بکەم!».

ئەمە ڕێکاوڕێک ئەو ئامانجەیە کە دیکتاتۆر دەیهەوێ؛ واتە سازبوونی کەشێکی لێوانلێو لە ترس، دڵەڕاوکێ و بێمتمانەیی لە ناخی کۆمەڵگا کە هیچ کام لە تاکەکان نەتوانن قسەی ناخی خۆیان لەلای کەسانی دیکە بکەن و ناچار بە بێدەنگی لە ناخیاندا ببن. بە دیوێکی تریدا ئەوەیکە مرۆڤەکان ئامادە دەکات تاکوو زاڵبوونی تۆتالیتاریزم لە جیهانێکی ناتۆتالیتار قبوڵ بکەن، لەڕاستیدا گۆڕینی «تەنیایی» بە ئەزموونێکی ڕۆژانەیە؛ ئەزموونێک کە ئەگەر لە ڕابردوودا تایبەت بە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ (بۆ نموونە پیری و بەساڵاچوویی) بوو ئەوا ئێستە بووەتە ئەزموونێکی گشتی لە ئاستی کۆمەڵگادا؛ لە وەها دۆخێکدایە کە وتەکەی ئارێنت دێتە دی کە دەڵێ: «تەنیایی توانایی و ئازادییەکانمان بۆ بیرکردنەوە لەنێو دەبات».

### کەشی ترس و تۆقاندن

هانا ئارێنت دەڵێ: «ترساندن وەکوو تەواوکەری پڕوپاگەندا لە نازیسمدا زیادتر

> **ئەوەیکە مرۆڤەکان ئامادە دەکات تاکوو زاڵبوونی تۆتالیتاریزم لە جیهانێکی ناتۆتالیتار قبوڵ بکەن،**
> **لەڕاستیدا گۆڕینی «تەنیایی» بە ئەزموونێکی ڕۆژانەیە؛**
> **ئەزمونێک کە ئەگەر لە ڕابردوودا تایبەت بە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ (بۆ نموونە پیری و بەساڵاچوویی) بوو ئەوا**
> **ئێستە بووەتە ئەزموونێکی گشتی لە ئاستی کۆمەڵگادا**

لە کۆمۆنیزم ڕۆڵی هەبووە. نازییەکان هاوشێوەی شەپۆلی یەکەمی جینایەتە سیاسییەکانیان لە ئاڵمان، بەڕێوەبەرە بچووکە سووسیالیستییەکان یان ئەندامانی بەبڕشتی حیزبە دژبەرەکانیان

> **ئامانجی گشتی سیستمە تۆتالیتێرەکان بریتییە لە لەنێوبردنی مافە مەدەنییەکانی هەموو حەشیمەتی وڵات،**
> **بەجۆرێک کە دواجار خەڵکی ئەو وڵاتە تەنانەت لە نیشتمانەکەی خۆیاندا**
> **هەست بە بێجێگەوپێگەیی بکەن و لە مافە یاساییەکان بێبەش ببن**

دەکوشت تاکوو مەترسییەکانی ئەندامەتیی لە حیزبەکانی غەیری حیزبی هیتلێر بە گوێی خەڵک بگەیەنن و کەس ئەو ئیزنە بە خۆی نەدات تاکوو ببێتە ئەندامیان!»

ئەم خاڵەش ڕێکاوڕێک ئەو کەتوارەیە کە ئێمە ڕۆژانە و ماوەی زیادتر لە ٤٠ ساڵە لە ئێراندا دەیبینین؛ کەتوارێک بەناوی «پڕوپاگەندای هێز». ئەم جۆرە کوشتارە سیاسییانە لە ئێرانیشدا کەم نین و بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حکومەتی لە کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام بۆ ترساندنی خەڵک بە گرتن، ئەشکەنجەدان، ئێعدام کردن، تیرۆر و کوشتنی جیابیران و نارازییان و ئەندامانی حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی جیا لە دەسەڵات (بۆنموونە لەسێدارەدانی سێ لاوی کورد لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) هەوڵێکی هاوشێوەی هیتلێریان داوە و دەیدەن؛ واتە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی وەک هێزی بەناو ئینتزامی، سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای بەدناوی بەسیج جیا لە سازکردنی کەشی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە و کەڵکوەرگرتن لە پۆتانسییەلەکانی شەڕی ڕەوانی، هەوڵ بۆ ترساندنی خەڵک لەپێوەندی لەگەڵ نارەزایەتی‌دەرنەبڕین دەدەن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە خەڵک دەڵێن: «بێدەنگ بن دەنا دەتانکوژین!»

لایەن یان ڕەهەندێکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە سیستمە تۆتالیتێرەکانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی لە شوێندانەری و کاریگەرییەکانی پڕوپاگەندا وەک بەشێک لە شەڕی ڕەوانی غافڵ نەبوون! بەو واتایە کە ئەگەرچی دەتوانن لە ڕێگەی ترساندنەوە ئامانجە دەروونزانییەکانیان (لە چوارچێوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی) بپێکن بەڵام دیسانیش واز لە پڕوپاگەندە وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ خۆسەپاندنی زیادتر ناهێنن و پاش ئەوەیکە تۆوی ترس لە ناخی کۆمەڵگایەکدا دەچێنن، درێژە بە تەبلیغ و پڕوپاگەندا ژەهراوییەکانیشیان دەدەن.

وەک ئەوەیکە لە چلوچەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی کردوویەتی و بەردەوام لە ڕێگەی میدیاکان و دامودەزگاکانی بەر دەستییەوە هەوڵ دەدات بە بڵاوکردنی هەواڵی چەواشە یان فەیک، بەستێنە فکرییەکان بۆ ترساندنی زیادتر خۆش بکات.

لەمبارەوە نموونە زۆرن بەڵام بۆ درکی باشتری ئاماژە بە هەواڵێک دەکەین کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا زۆربەی میدیاکانی ئێران و کوردستانی بەخۆوە سەرقاڵ کرد: لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە درێژەی تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی کوردستان، سپای پاسدارانی ڕێژیم بە فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان و درۆن پەلاماری خاکی کوردستانی باشووری دا و وێڕای زەرەر و زیان‌گەیاندن بە ژینگە و ماڵ و حاڵی هاووڵاتییانی سڤیل لەم بەشەی کوردستان لە هەواڵدەری و ماڵپەڕەکانی خۆیدا هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە گوایە لە ئەنجامی یەکەم پەلاماردا ٣٠٠ کەس لە پێشمەرگەکانی کوردستان شەهید کراون کە دواتر و بەپێی ڕاگەیەندراوەکانی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکەوت ئەم هەواڵە دوورە لە ڕاستی و تەنیا هەوڵێک بووە بۆ ژاراویترکردنی کەشی ڕەوانی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات.

### کۆماری تیرۆر

پڕئاشکرایە کە ئێش و ئازار، برسیەتی و سەرلێشێواوی لە هەموو دنیادا بوونی هەیە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات کە ئەمانە پرسگەلێکی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤن کە بە درێژایی مێژوو بوونیان هەبووە و ڕەنگە تا کۆتایی تەمەنی گۆی زەویش هەر بمێنن؛ کەواتە هیچ کام لەم ڕاستییانەی کۆمەڵگای بەشەری لەڕێگەی توندوتیژخوازانەوە لەنێو ناچن.

کەسانێکیش کە بیانهەوێ دنیا لەسەر بناغەی شۆڕشی خوێناوی، ئێعدام، توندوتیژی و تیرۆر بگەیەننە لوتکەی ڕزگاری هەم خۆیان فریو داوە و هەمیش بوونەتە مایەی سەرلێشێواوی بۆ خەڵکانی تر.

ئەمە ڕێکاوڕێک سیستمی زاڵ لە ئێران دەگرێتەوە کە لەسەر ئەو تێڕوانینە چالاکی دەکات کە دەڵێ: «ئیمامی زەمان کاتێک خۆی پیشان دەدات و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات کە دنیا بە خوێن و کوشتار و توندوتیژییەوە گلابێ!» و ئەم بۆچوونە دەکەنە بناغەیەک و نوختەی ڕەواییەک کە جینایەتەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن.

تیرۆر هەمیشە یەکێک لەو ڕێکار و میکانیزمانە بووە کە ڕێژیمە سەرەڕۆکان یان گرووپە توندئاژۆکان بۆ سەپاندنی هێژمۆنی پووشاڵی خۆیان یان زاڵکردنی گوتاری نارەوایان کەڵکیان لێوەر گرتووە؛ جا هەندێ جار بە تیرۆری تاکەکەسی و هەندێ جاریش بە تیرۆری بەکۆمەڵ. ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە هەندێ جاریش نازناوی کۆماری تیرۆری بۆ بەکار دەبردرێ ئەگەر نەڵێین پێشەنگی ئەم شێوازە لە خۆسەپاندنە لانیکەم بە ئەرخەیانییەوە دەتوانین بڵێین لەم بیاڤەدا و لە سەدەی هاوچەرخدا پێشەنگە و نموونەی بەرهەستی تیرۆریزمە بۆ گرووپە توندئاژۆکان کە لەڕاستیدا بەشی بەرچاویان درووستکراوی دەستی خۆیین.

### ئامانجی گشتی

نووسەری «ڕەگەکانی تۆتالیتاریزم» لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا دادەگژێتە سەر ئامانجی سیستمە خۆسەر و تۆتالیتێرەکان و دەڵێ: «ئامانجی گشتی سیستمە تۆتالیتێرەکان بریتییە لە لەنێوبردنی مافە مەدەنییەکانی هەموو حەشیمەتی وڵات، بەجۆرێک کە دواجار خەڵکی ئەو وڵاتە تەنانەت لە نیشتمانەکەی خۆیاندا هەست بە بێ‌جێگەوپێگەیی بکەن و لە مافە یاساییەکان بێبەش ببن.»

ڕەنگە ئەمە پوختترین وڵام بێت بۆ ئەو پرسیارەی کە ئامانجی گشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بڕینی ڕێگای تۆتالیتاریزم چییە؟

بەڵام بەو حاڵەشەوە پێویستە ئەم ڕوونکردنەوە بدرێت کە لەنێوبردنی مافی ئینسانەکان و کوشتنی کەسایەتییە حقوقییەکانیان، پێویستی و لەڕاستیدا پێشمەرجی زاڵبوونی ڕەهایە بەسەریانەوە. ئەم پرسە نەتەنیا بۆ هەندێ چینی تایبەتی کۆمەڵگا وەک جیابیرانی سیاسی یان ئەویترەکانی دەسەڵات بەڵکوو بە تێپەڕینی کات بۆ یەک بە یەکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا بێ هیچ جیاوازییەک وە درووست دەگەڕێ. ڕەنگە هەر ئەم کەتوارەش بێ کە دەبینین دەسەڵاتی تۆتالیتێر ناوبەناوە یەکێک لە کەسانی نیزیک لە خۆی یان ئەندامانی نێو بازنەی دەسەڵات لەنێو دەبات و وەک تاوانبارێک بە دنیای دەرەوەی دەناسێنێ!



# ڕێژیمی بێ دەسەڵات و بەگوڕەگوڕ

**هیوا کوردی**

دوای ئەوەی ئاخوندەکان دەستیان بە سەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت سیاسەتێکی هەڵەیان بەناوی هەناردەکردنی شۆڕش گرتە پێش.

هەر لەسەر ئەم سیاسەتە خومەینی ئەرتەشی عێراقی هان دەدا بە دژی ڕێژیمی سەدام ڕاپەڕن و بیرووخێنن.

ئەم دنەدانەی خومەینی بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق. بەناوی ئەوەیکە ڕێژیمی سەدام هەڕەشەیە بۆ سەر تەناهی ئێران بە کەللەشەقی خومەینی ئەم شەڕە درێژەی پێ درا کە ئێرانی لە هەموو بوارەوە تووشی زەرەر و زیان کرد. دوای ئەم شکستە خومەینی جامی ژەهری خواردەوە.

سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی هەناردەکردنی شۆڕش لە لوبنانیش خۆی دەرخست. هەنووکە دەبینین کە سەروەت و سامانی بەکجار زۆر لە زاری خەڵکانی ئێران دەگرێتەوە و خەرجی حیزبوڵڵای تێرۆریست دەکرێ بۆ ئەوەش دەڵێن ئێمە بۆ تەناهی ئێران ئەوە دەکەین چووینەتە پەنا ئیسرائیل تا تەفروتونای بکەین.

کە بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد و خەڵکانی سووریەش دەستیان بە ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کرد کۆماری ئیسلامی سپای تێرۆریستی ناردە سووریە.

بەشێکی زۆری سەرمایەی ئێران لە سووریە خەرج کرا.

لەولاشەوە هەڕەشەی ئەوە دەکات کە لە ئیسرائیل نزیک بوونەتەوە و ناهێڵن ئیسرائیل فزەی بێ. خامنەیی دەیکوت ئیسرائیل جارێک لێمان بدات ئێمە توندتر لێی دەدەینەوە.

دیتمان ئیسرائیل بە دەیان جار لە هێزەکانی سەر بە ئێرانی دا و لە نێوخۆ چەند بنکەی لێ تەقاندنەوە و کۆماری ئیسلامی متەقی لێوە نەهات.

هەروەها بە چوونی ڕووسیە بۆ سووریە کۆماری ئیسلامی کەوتە پەراوێزەوە و بێ دەسەڵات کرا.

کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی یەمەنیش دەستێوەردانی کرد. چەکوچۆڵ و سەرمایەیەکی زۆریشی لەوێدا خەرج کرد بەڵام دیتمان جگە لە ئاژاوەگێڕی و ئاڵۆزی لە یەمەن هیچ دەسکەوتی تری نەبوو.

بەداخەوە هەندێک ناوەندگەرای فاشیست گوتیان ئێران تا دەریای مەدیتەرانە چووە و بە سەر چوار وڵاتدا زاڵە بەڵام ئێستا ئەو ناوەندگەرایانە دوای شکستی کۆماری ئیسلامی لەم چوار وڵاتانە بێدەنگ بوونە.

دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەم وڵاتانە و حکوومەتەکانیان نەفرەتیان لە کۆماری ئیسلامی هەبێ و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی خۆیان لە ئیسرائیل نزیک کردەوە. ئەو ئیسرائیلەی کۆماری ئیسلامی دەیهەویست لە سوورییە سووک و ڕیسوای بکات، ئەوا هاتووەتە بەحرەین و لە بن‌گوێی کۆماری ئیسلامییە.

ئەم سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەیەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەم وڵاتانەدا شکستی خواردووە و لە ئەنجامدا ئەوەی کە هاتووەتە گۆڕێ تەریککەوتنەوەی هەرچی زیادتری ڕێژیمی تالیبانی کۆماری ئیسلامییە و تەنیا شتێکی کە پێی ماوە هەڕشە و گوڕشەیە.

دوای شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان گۆڕانکاری لە سنووری ئێران و ئەرمەنستان هاتە پێش. کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا کە سنووری ئەرمەنستان و ئێران بپارێزێ. حکوومەتی ئازەربایجان لەم سنوورە باج لە ماشینە بارهەڵگرەکانی ئێران وەردەگرێ. دوای ئەم کارە کۆماری ئیسلامی بە بیانووی بوونی ئیسرائیل لەو ناوچانە و لەڕێگەی هێزە تیرۆریستییەکانی مانۆڕی لە سنووری ئازەربایجان بەڕێوە برد.

خامنەیی کوتی ئەو وڵاتانەی پشت بە بێگانە دەبەستن زللەی دەخۆن. گوێلەمستەکانی خامنەییش ئەم قسەیەیان دووپات کردەوە و گوتیان جا بزانە ئەو وڵاتانە چ زللەیەک دەخۆن! ئەم قسەیەی خامنەیی و گوێلەمستەکانی ئەوەمان وەبیر دێننەوە کە لە سەردەمی فەتحعەلیشادا کە ڕووسیە بەشێکی زۆر لە خاکی ئێرانی خستە سەر خاکی خۆی، فەتحعەلیشا گوتی با شمشێرەکەم لە کالان دەرنەهێنم!

دوای ئەم هەڕەشەیە دەرباریان گوتیان هاوار بۆ عرووسان ئەگەر شمشێر لە کالان دەربێت عرووسان تەفروتونا دەکەین کە بینیمان ئاکامەکەی شکستێکی ئابڕووبەرانە بوو.

کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە تووشی شکست و بێ دەسەڵاتی بووە؛ زۆر وڵات کە خولیای ئیمپراتووریان لەسەردایە وەخۆ کەوتوون و دەیانهەوێ لەم خولیایە نزیک ببنەوە.

لەم حاڵەتەدا ڕێژیمی تالیبانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی پشت بە خەڵکی خۆی ببەستێ سپای تێرۆریست لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی ئێران بەرگری بکات لە بەرانبەر هەڕەشەکانی دەرەوە خۆی ناگرێ و هێزێکی زۆر و زەوەند دەنێرێتە شاخەکانی کوردستان، بە قەولی خۆیان بزووتنەوەی کورد بە پێشەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چۆکدا بێنێ.

چل ساڵە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوەی بە کۆماری ئیسلامی سەلماندووە کاتێک کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی هەبووە لە بەرانبەری ڕاوەستاون، ئێستا ڕێژیمی تالیبانی کۆماری ئیسلامی شکست لە دوای شکست تۆمار دەکات و بەدڵنیاییەوە هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هەڕەشە و گوڕشەکانی قورس و قایمتر ڕادەوەستێ. ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا لەسەر ئەم تۆپباران و خزاندنی هێزی زۆری سپای تێرۆریست بۆ شاخەکانی کوردستان بێدەنگ بووە.

ئەگەر ئەم هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنە ناوەندگەرا قووڵ بیر بکەنەوە دەزانن کوردستان سەنگەرێکە بۆ ئازادی ئێران.

دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتێک و فێدراڵ لە بەرژەوەندی هەموو گەلانی ئێراندایە و ئێرانی داهاتوو بەهێز دەکات.

# کۆتاساڵەکانی تەمەنی ڕێژیم

**بێستوون**

کۆتاساڵەکانی حکومەتی پاڵەوی دووهەم، جەریانگەلی جۆراوجۆر و خاوەن بیر و ئەندێشەی جیاواز سەریان هەڵدابوو و لە مەیدانی نارەزایەتییەکاندا چالاکییان دەنواند، جەریانگەلی وەک بەرەی میللی، موجاهیدینی خەلق، چریکی فیدایی، جەریانی سەر بە ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، جەریانی سەر بە خومەینی و تەنانەت حیزبی تودەش سەری هەڵدابۆوە. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بە بەشداری ئەو جەریانگەلە لە ناوەند بەو هیوایەی کە لە دەسەڵاتی نوێی ئێراندا بەشدار بن، شکڵی گرت. دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنەوەی خومەینی لە فەڕانسە، زۆرێک لەو جەریانانە تەسلیمی ئیرادەی خومەینی و لایانگرانی بوون، بۆ نموونە بەرەی میللی، موجاهیدین و بەشێک لە تودە بە سەرکردایەتی کیانوری، باوەڕ بە دەسەڵاتی خومەینی دێنن و لە سڕینەوە و پەراوێزخستنی ڕەخنەگران و ئەوانی تر ڕۆڵ دەنوێنن بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو جەریانگەلەی متمانەیان بە ئایەتوڵلاکانی قوم کردبوو خۆیان بوونە قوربانی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرەست و پاوانخوازە و تەنیا یەک جەریان لە مەیدان ماوە و دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەویش جەریانی کۆماری ئیسلامی بوو. حیزبی کۆماری ئیسلامی تا ساڵی ٧٦ بە بێ ڕکابەر لەغاوی حکومەتی بە دەست گرتبوو، بەڵام لە ٢ی جۆزەردانی ساڵی ٧٦ی هەتاوی ڕکابەرێکی ڕەخنەگر لە دڵی خۆیدا سەرهەڵدەدا کە دواتر ناوی ڕیفۆرمخوازیان بۆ خۆیان هەڵبژارد.

بە باسکردنی ئەو کورتەمێژوویە پێویستە پرسیارێک بێنینە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە، چۆن بوو کە حیزبی کۆماری ئیسلامی بە سەرکردایەتی خومەینی کە تەواوی دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی بەرەبەرە سڕییەوە، دوای تێپەڕبوونی نزیک بە دوو دەیە، ئیزنی سەرهەڵدانی جەریانێکی ڕەخنەگری بە ناوی ڕیفۆڕمخوزەکان دا و هیچ کە هەوڵی لەناوبردنی ئەو جەریانەی نەدا بەڵکوو ڕێگای بەشداری کردن لە دەسەڵاتیشی پێدا و لە بەڕێوەبردنی ڕێژیمدا شەریکیان کردن ؟

دەکرێت هۆکارگەلی جیاواز بۆ سەرهەڵدانی جەریانێک بە ناوی ڕیفۆڕمخواز دەستنیشان بکەین و لەو سوچەوە هەر کەسە بەپێی خوێندنەوە و ڕوانینی تایبەت و بە جۆری لێکدانەوەی خۆی هۆکارەکان پۆلێنبەندی بکات.

ئەو هۆکارانەی کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین بریتین لە:

یەک: بێبڕوایی دنیای دەرەوە بە کۆماری ئیسلامی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای ماوەیەك دەستی کرد بە تێرۆری نەیاران و ڕەخنەگرانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی، ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی بوو بە هۆی بێئیعتباری ئەو ڕێژیمە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، بۆیە ڕێژیم پێویستی بە هێنانە مەیدانی جەریانێک بوو کە هیوایەک لە دڵی ئەو وڵاتانەدا ساز بکات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیمکانی چاکسازی هەیە.

دوو: سەرهەڵدانی کۆمەڵە لاوێکی خوێندکاری ڕەخنەگر لە زانکۆکاندا، لە دەیەی حەفتادا ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە زانکۆکانی ئێران سەریان هەڵدا کە ئەو ڕەوتە بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگای مەترسین، جەریانی ڕیفۆڕمخواز بە هاتنە مەیدانی، دوو کاری کرد، سەرەتا ئەو ڕەوتە بەهێزەی لاوانی هێنایە ژێر ڕکێفی خۆی و کۆنترۆڵی کردن کە دژ بە گشتییەتی ڕێژیم هەڵوێست نەگرن؛ دووهەم، هیوایەکی درۆیینی بەو ڕەوتە بەخشی کە لە ڕێگای ڕیفۆڕمخوازەکانەوە دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن.

سێ: جەریانی ڕیفۆڕمخواز ڕۆڵی سوپاپەکی دڵنیاکەرەوەی بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە ناوخۆی وڵاتدا و چ لە دەرەوەی وڵاتدا دەگێڕا.

بۆیە دەکرێ بڵێین هاتنە مەیدانی ڕیفۆڕمخوازەکان لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی ڕێژیم نەبووە بەڵکوو باڵێکی ئەو ڕێژیمە بوو کە بۆ مانەوەی گشتییەتی ڕێژیم ڕۆڵگێڕی کرد. بە ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکانی ئەو جەریانە دەردەکەوێت کە ئەو کەسانە خۆیان بەشێکن لە ڕێژیم و لە سەرەتاوە لە دەسەڵاتدا ڕۆڵیان گێڕاوە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیزنی سەرهەڵدان یان ڕێکخستنی هیچ حیزبێک و جەریانێکی تری نەداوە و نەیاران و ڕەخنەگرانی خۆی بە توندترین شێوە سەرکوت کردووە.

ڕیفۆڕمخوازەکان لە سەرەتای پەرەگرتنیان، ئامانجێکی تایبەتیان دەستنیشان نەکردووە، ئەوان لە دروشمدا هاوڕای چاکسازی بوون و لە کردەوەدا هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتیان دەدا، لەڕاستیدا ڕیفۆڕمیستەکان لە ئێران ڕۆڵی نەزۆک کردنی هێزی دژبەری ڕێژیمیان گێڕاوە و بەشی خۆیان لە سفرەی دەسەڵات هەڵگرتووە، لە چەند جار دەسەڵاتداری ڕیفۆڕمخوازەکان ئەوەی بەرچاو بووە گەندەڵی، ناکارامەیی دەوڵەت چ جیاوازییەکی لەگەڵ جارەکانی تر نەبووە بگرە خراپتریش بووە. هەر لەو سووچەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە کاتی دەسەڵاتداری ڕیفۆڕمخوازەکان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەرچاوتر و بەربڵاوتر بووە.

ئازادییەکان کە دەوڵەتە ڕیفۆڕمخوازەکان شانازی پێ دەکەن لە چوارچێوەیەکدا بووە کە مەترسی بۆ گشتییەتی ڕێژیم نەبوویێت، هەم لە کاتی دەسەڵاتداری خاتەمی کە بە ڕێبەری ڕیفۆڕمیستەکان دەناسرێت و هەم لە کاتی دەسەڵاتداری ڕوحانی ڕێژەی گرتن، سەرکوتکردن و لەسێدارەدانی نەیارانی ڕێژیم بەربڵاوتر و توندتر بووە لە دەوڵەتەکانی تر.


ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ و سەرهەڵدانی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانی لە سەرەوەی هەموویان کوردستان، ترسێکی لای ڕووناکبیران و ناوەندخوازانی ناسیۆنالیستی ئێرانی ساز کردووە کە لە ئەگەری شۆڕشێکی تردا ناوەندگەرایی دەکەوێتە مەترسییەوە و ناچار دەبن مافی نەتەوەکانی تر بدەن، بۆیە ئەو جەریانگەلە حەزیان ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا بە ڕیفۆرم ئەو بەشانە بگۆڕن کە خۆیان بە دڵیان نییە.

ئەو هۆکارە وای کردووە تەنانەت ڕەخنەگرانی تاراوگەنشینی ڕێژیمیش پەنا بۆ جەریانی ڕیفۆڕمیست بێنن و پێی هیوادار بن. ئەو هیواسازکردنە یەکێک لە ڕیساڵەتەکانی ڕیفۆڕمیستەکانە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کارایی خۆی لە دەست داوە، جەریانی ڕیفۆڕمیست بە دروشمی پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی هاتە مەیدان و کۆمەڵگای خوێندکار و گۆڤار و بڵاوگەکان وەک دوو باسکی سەرەکی ئەو جەریانە دەرکەوتن، بەڵام هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی ڕیفۆڕمیست لە ئێران ئەو دوو باڵە سەرکوت کران. خوێندکاران ڕووبەڕووی سەرکوت و کوشتن بوونەوە و قەزییەی ناسراو بە «کوی دانشگاه» ڕووی دا، نووسەران و ڕۆژنامەوانانیش ڕووبەڕووی زنجیرەکوشتنێکی بەرین بوونەوە. بەو سەرکوتە بەرینە بەشێکی زۆر لە نەیاران و ڕەخنەگرانی ڕێژیم سڕدرانەوە یان هەڵاتن یان کەوتنە پەراوێزەوە و ڕیفۆڕمیست لە ئێران بۆ ماوەیەک دامرکا.

دەرکەوتنی دووهەمی ڕیفۆڕمیستەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨دا بوو کە لەکۆتاییدا حەرەکەتێکی بەناو بزووتنەوەی سەوز لێ کەوتەوە، بزووتنەوەی سەوز بە پێشەنگی مووسەوی و کەڕووبی دوو کەسایەتی بەرچاو و کۆنەکاری ڕێژیم کە لەکۆتاییدا بووە هۆی دەستبەسەرکردنی ئەو دوو کەسایەتییە لە ماڵەکانیان. ئەوەی کە جێگای باسی ئەو وتارەیە ئەوەیە کە دوای زیادتر لە دە ساڵ لە دەستبەسەربوونی کەڕووبی بۆ یەکەم جار ئیزنی هاتنە دەریان پێ داوە و لە یەکەم دەرکەوتنیدا داوای کردووە گشتییەتی ڕێژیم بپارێزن و کێشەکان چارەسەر بکەن. لە ١١ ساڵ دەستبەسەری کەڕووبی ڕووداوگەلێکی زۆر هاتووەتە ئاراوە کە بەرچاوترینیان نارەزایەتییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو و کوشتنی دەیان شارۆمەندی ئاسایی لەو نارەزایەتییانەدا بووە کە نیشانی دا کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێران گشتییەتی ڕێژیمێکە کە کەڕووبی لە هەوڵی پاراستنیدایە، وتەکانی کەڕووبی نیشاندەری زێهنی ڕێبەرانی ڕیفۆڕمخوازە کە ئامانجیان مانەوەی کۆماری ئیسلامییە و شەڕ و هەوڵی ئەوان تەنیا پچڕینی بەشی خۆیان لە سفرەی شۆڕشە. کۆتاییهاتنی دەستبەسەرکرانی کەڕووبی دەکرێت وای چاو لێکەین کە ڕێژیم بە تەمای ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و گەڕاندنەوەی ئیعتباری ڕیفۆڕمخوازەکانە تا دیسان بتوانن ڕۆڵی خۆیان بۆ مانەوەی ڕێژیم بە باشی بگێڕن بۆیە دوور نییە ئەگەر قەدەغەکانی سەر خاتەمیش لاچێت و تەنانەت مووسەوی و خێزانیشی بە دەستهەڵگرتن لە دژایەتی خامنەیی دۆخیان ئاسایی ببێتەوە؛ ڕێژیم زۆر باش دەزانێت ئەگەر ڕیفۆڕمیستەکان متمانەیان نەمێنێت، ڕۆڵی نەزۆککردنی نەیارانیان بۆ ناگێڕدرێت و ڕووبەڕووی شۆڕشێکی جەماوەری دەبنەوە.

# نییەر و تەنگیسەر، ئەو قەڵایانەی کە هیچکات بە چۆکدا نەهاتن

**ئاسۆ مێنبەری**





بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندیی خومەینی، دۆخی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بەرەو ئاقارێکی نالەبار ڕۆیشت، هەرچەند کە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی پاڵەویشدا نەتەوەی کورد کەوتبووە بەر پەلامار و کۆماری کوردستان تووشی نسکۆ ببوو و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردیش لە سێدارە درابوون، بەڵام بە هاتنەسەرکاری خومەینی و دامودەزگاکەی ئازادییەکان زیادتر لە پێش زەوت کران و دۆخەکە ئەستەمتر بوویەوە.

لەڕاستیدا ئەوەیکە گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو، هەڵوێستی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی خومەینی بەبەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەزاشای پاڵەوی بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی ئاخوندی، دوو دەسەڵاتی جیاواز بوون کە سەرکوتی ئازادیخوازان و خەباتکارانی کوردیان لە سەرووی هەموو سەرکوتکاری و ستەمەکانەوە دانابوو و ئەمەش خاڵی هاوبەشی هەردووکیان بوو؛ بەڵام پڕئاشکرایە کە نەتەوەی کورد ڕیشەی لە مێژوویەک داکوتابوو، کە بەو ئاسانییە لە بن نەدەهات.

ڕاستە کە لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لەو کاتەدا کە کۆمارە ساواکەی کوردستان هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆیدا بوو، ئەستەم و بەژان بوو، بەڵام نە ڕووخانی کۆماری کوردستان و نە شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی نەیانتوانی پێش بە لەدایکبوونەوەی دووبارەی هەستی نەتەوایەتی بگرن و تێکۆشەران و خەباتکارانی کورد لە درێژەدانی خەبات ماندوو بکەن.

ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەیەک کە لەژێر چەپۆکی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێراندا هێشتا سروودی مان و بەرخودانیان دەوتەوە، کوڵەکەکانی مانەوەی ئەو ڕێژیمەی لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستاندا وەلەرزە خستبوو، هەر بۆیە دەسەڵاتی خوێنمژی ئاخوندی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە، بۆ دژایەتی لەگەڵ کورد، هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ.

فەرمانی جیهاد بەدژی کورد، شەڕی خوێناویی سنە، کۆمەڵکوژییەکان لە گوندەکانی کوردستان و بەدەیان تاوانی دیکە، هەموویان هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشەوە، چوونە نێو مێژووی پڕ لە شوورەیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

ڕاگەیاندنی شەڕ بە دژی خەڵکی بێتاوان لە نەورۆزی ٥٨ی هەتاویدا بوو بە سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوونی خەڵکی گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر لەگەڵ شۆڕش و خەباتێکی ڕەوا، هەر لەو کاتەدا بوو کە لاوانی ئەم دوو گوندەش وەکوو سەدان لاوی تێکۆشەری دیکەی کوردستان پەیوەست بە حیزبی دێموکراتەوە دەبن و وەکوو پێشمەرگە لەم حیزبەدا سازمان دەدرێن.

خەڵکی گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر، بەشداری لەم شەڕە نەخوازراوەیان کردە سەرەتایەک بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی و دەرفەتێک بۆ پەیمان بەستن لەگەڵ خۆیان و نەتەوەکەیان بۆ ڕزگاریی کوردستان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر هەوڵی دا تاکوو خەڵکی ئەم دوو گوندە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام بەپێچەوانەی گوندەکانی دەوروبەر، نییەر و تەنگیسەر لەو ناوچە ئازادانە بوون کە کۆماری ئیسلامی تا ئەو کاتە نەیتوانیبوو دەستیان بەسەردا بگرێت. هێزەکانی بێستوون، شاهۆ و شەریفزادە، ئەو هێزانەی حیزبی دێموکرات بوون کە لەوێ نیشتەجێ بوون . بە تێپەڕبوونی کات گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم گوندانە زیادی کرد تا جێگایەک کە جگە لە داگیرکردنی ئەم گوندانە، دەستیان بە دانانی پایەگا و مۆڵگە کرد بەڵام پیلانەکەی کۆماری ئیسلامی بەمە کۆتایی پێ نەهات.

ڕێژیمی ئێران بەهۆی ترس لە هەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا، بە زۆرەملێ خەڵکی ئەم گوندانەی چەکدار کرد کە لە لایەن خودی خەڵکەکەوە بە بەسیج ناویان لێ دەبردرا. لەڕاستیدا ئەم بەسیجانە کەسانێک بوون کە پشتیوانی سەرەکیی هێزی پێشمەرگە بوون و دواتر توانییان لە ڕەوتی خەباتدا یارمەتیدەرێکی باش بۆ پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون لەو گوندانە بن. ژیانی خەڵک ئەستەم بوو و شەوانە حکوومەت نیزامییان ڕادەگەیاند، هەندێ جاریش گرووهی زەربەتی ڕێژیم لەناکاو دەڕژانە سەر خەڵک و بە شێوازی جیاواز، ئازار و ئەزیەتی خەڵکەکەیان دەکرد.

دۆخی کوردستان لەو ساڵانەدا ئاڵۆز بوو، کۆماری ئیسلامی لە هەر شوێنێک کە بۆی کرابا، تاوانێکی دەخوڵقاند و لە هیچ جۆرە دەستدرێژی و جینایەتێک دەستی نەدەپاراست. لە درێژەی تاوانخوڵقێنییەکانی ڕێژیمی ئێراندا بوو کە لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ٦٢ی هەتاویدا ٥٩ لاوی تێکۆشەری شاری مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی جینایەتکاری خومەینییەوە لە سێدارە دران و گیانیان بەختی بارەگای ئازادی کرد.

پاش ئەم ڕووداوە، هێزی بێستوون کە هێشتا لە ناوچەکەدا بوون، پلانی ئەنجامدانی ٥٩ عەمەلیات بە تۆڵەی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد دادەڕێژن کە بەشێکی بەرچاوی ئەم عەمەلیاتانە لە گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر و بە گرتنی پایەگا و مۆڵگەکانی ڕێژیم بەڕێوەچوو کە لەم عەمەلیاتانەدا، خەڵکی بەزۆرچەکدارکراوی هەردوو گوندەکە، ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگیان گێڕا. لە ڕۆژی ١٨ی ڕەزبەری ٦٢ی هەتاویدا کۆماری ئیسلامی پاش ئەم زەبرە قورسەی کە لێی دراوە، بە هێزێکی پۆشتە و پەرداخەوە، هێرش دەکاتە سەر ئەم گوندانە، سەرەتا دەچنە باخەکانی تەنگیسەر و ئاگر لە خانوو و باخەکانی خەڵک بەردەدەن.

پاش کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر لە ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگە، هێزە دڵ پڕ لە قینەکانی خومەینی دەڕژێنە نێو گوندی نییەرەوە و ئەمجارە دەسبەجێ ئاگر لە خانووەکان بەر دەدەن.

خانووەکان دەسووتان و خەڵک دەبوو خۆیان بۆ زستانێکی سەخت ئامادە بکەن. هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم دەستیان کردبوو بە تاڵانکردنی کەلوپەل و سامانی خەڵک و بەم شێوازە ڕقی خۆیان لە هێزی پێشمەرگە نیشان دەدا.

خەڵک ئاوارە ببوون، خانووەکانیان سووتابوون، هیچ خۆراکێکیان بۆ ئەو وەرزە سەختە نەمابوو، کەسیان لێ شەهید و بریندار ببوو، ئەشکەنجە درابوون، بێڕێزییان پێ کرابوو بەڵام، لە قووڵایی دڵیانەوە هەستیان بە سەربەرزی دەکرد، چونکە هەموو ئەمانە لە پێناو باوەڕ و ئامانجێکدا بوو کە کۆماری ئیسلامیی پێی زویر بوو.

٣٨ ساڵ بە سەر ئاگرتێبەردانی گوندەکانی نییەر و تەنگیسەردا تێدەپەڕێت، ئێستاش بیرەوەرییە تاڵەکانی ئەو ڕۆژانە لە مێشکی خەڵکەکەیاندا دێت و دەچێت، نەوەی نوێش لەو ئازارە تێگەیشتوون و هەموو ساڵێک لە ١٨ی ڕەزبەردا، غرووڕێکی کوردانە سەرتاپایان لەخۆ دەگرێت، نەوەی نوێ لەگەڵ ئەو ئازارە گەورە بوون و ئەم ڕقە پیرۆزەیان کردە هەوێنی بەردەوامی لە ڕێبازێکدا کە بە درێژایی ئەم ساڵانە، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە مێشکیاندا بیسڕێتەوە. لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئەوەی کە پێی کرابێت بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی ئەم دوو گوندە لە شۆڕش و خەباتی نەتەوایەتی کردوویەتی، بەڵام بەپێچەوانەی ویست و هەوڵە دزێوەکانی هیچکات نەیتوانی بۆ چرکەساتێکیش ئیرادەی ئەو خەڵکە بە چۆکدا بێنێت.

بە دەیان کەس لە هەردوو گوندەکە پەیوەست بە ڕیزی خەباتەوە بوون، بە دەیان کەس شەهید بوون، بە دەیان کەس کەمئەندام بوون، بە دەیان کەس کەوتنە نێو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ئازار و ئەشکەنجە دران، لە ژیانی ئازاد و خۆشبژێوی دوور کەوتنەوە بەڵام هیچکات لەو ڕێبازە درووستەی کە ڕێبازی پێشەوای ڕێبەر و قاسملوو و شەرەفکەندی بوو لایان نەدا.

پاش ئەم هەموو ساڵە، هێشتا زامەکانیان بەسۆن، بەڵام هزریان لێوڕێژە لە باوەڕ بە ئازادی و سەرکەوتن. لاوانی ئەم دوو گوندە، نەسڵ لە دوای نەسڵ، درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەن، چونکە بڕوایان بە دوارۆژێکی ڕووناکە و هەر ئەمانن کە بوونەتە هەوێنی بەچۆکدانەهاتنی ئەم دوو گوندە و بەدڵنیاییەوە گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر هاوچەشنی هەموو باژار و گوندەکانی دیکەی کوردستان کە کەوتنە بەر ڕقی دڵ پڕ لە قینەکانی جەماران، لە سەر پێن و بۆ هەتاهەتایە وەک قەڵای لەگیراننەهاتووی دێموکرات دەمێننەوە.

# د.محەممەد حسەینزادە:

## دۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و پێگەی جیهانی ئێران بەگشتی
## دەرخەری ناسەرکەوتوویی شێوازی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامییە

**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

سێ حەوتوو لەمەوبەر مانۆڕی هاوبەشی هێزەکانی ئازەربایجان، تورکیە و پاکستان لە وڵاتی ئازەربایجان پەیامێکی مەترسیداری بۆ ئێران هەبوو و ئەو گومانەی بۆ ئێران دروست کرد کە ئازەربایجان و تورکیە بەرنامەیەکیان بۆ ناوچەی قەوقاز هەیە کە ئێران پشکێکی تێدا نییە. لەبەرامبەردا ڕێژیمی ئێران چەند ڕۆژ لەمەوبەر مانۆڕێکی سەربازی لە نزیک سنوورەکانی کۆماری ئازەربایجان بەڕێوە برد کە گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی زیادتر پەرە پێداوە. لە کاردانەوەی ئەو مانۆڕەی ڕێژیمی ئێران وڵاتانی تورکیە و کۆماری ئازەربایجان مانۆڕێکی هاوبەش لە نەخجەوان بەڕێوە دەبەن. ڕێژیمی ئێران دەڵێ گۆڕانکاری ژێئۆپۆلیتیک لە سنوورەکانی خۆی بۆ قبووڵ ناکرێت و دەشڵێت ڕێگا نادەین ئیسرائیل لە سنوورەکانمان نزیک ببێتەوە. ئەم بابەتەمان لە وتوویژێکدا لەگەڵ دوکتور «محەممەد حوسێنزادە» شرۆڤەکاری سیاسی هێناوەتە بەرباس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-هۆکاری سەرەکی گرژییەکانی نێوان ڕێژیمی ئێران و کۆماری ئازەربایجان چییە و هەتا کوێ درێژەی دەبێت؟**

بە ڕواڵەت، هۆکاری ئەو گرژیانە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم، بەڕێوەچوونی مانۆڕی سەربازی تورکیا- پاکستان- ئازەربایجان و دووهەم، گرفت و کێشەخوڵقاندنی ئازەربایجان بۆ هەندێ لە بارهەڵگرە ئێرانییەکان و وەرگرتنی باج و گومرگی قورس لەو بارهەڵگرانە لە کاتی گەڕانەوەیان لە کاراباخ و دەستبەسەرکردنی دوو شۆفێری ئێرانی بە بیانووی تێپەڕینی نایاسایی بۆ نێو ئەرمەنستان. ئەوە سەرەتا کاردانەوەی توندی وەزارەتی دەرەوە و هەندێ لە نوێنەرانی پەرلمان و بەڕێوەبردنی مانۆڕی سەربازی سوپا و لەم دواییانەدا ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە. بەڵام لەپشت ئەو وێنەوە، دیمەنێکی گەورەتر هەیە. ئەگەر بەگشتی کێشە مێژووییەکان و ناکۆکییەکانی ئێران و ئازەربایجان لەبەرچاو نەگرین، ڕووداوەکانی دوای شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەستپێکێکی باشن. تا پێش شەڕی ساڵی ڕابردووی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ئازەربایجان لە ڕێگای ئێرانەوە دەگەیشتە نەخجەوان. ئێرانیش لە تێپەڕگەی زەنگەزوور و خاکی ئەرمەنستان کەڵکی وەردەگرت و دەگەیشتە ناوچەی قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەڵام دوای ئەو شەڕە، ئازەربایجان بەشێک لە کەرەباخی گرتەوە و ڕێگای کراوە بۆ نەخجەوان، بۆیە ئێستا خۆی بە خاوەن و دەسەڵاتداری ئەو شوێنانە دەزانێت کە دەستی بەسەردا گرتن. جادەی گوریس- قافان کە باڵهەگرە ئێرانییەکان لەوێ تووشی کێشە بوون، بەشێک بوو لەو شوێنانەی کە ئازەربایجان دەستی بەسەردا گرت؛ بەڵام ئێران ئەوە بە سەرەتای پلانێکی گەورەتر دەزانێت و دەڵێت ئازەربایجان دەیهەوێت بە یارمەتی تورکیا، پاکستان، ئیسرائیل و تەنانەت ئەمریکا ناوچەی سیونیکی ئەرمەنستان داگیر بکات و بە تەواوەتی ڕێگای خۆی بۆ نەخجەوان و دواجار بۆ تورکیا بکاتەوە، ئەوە تاقەسنووری ئێران لەگەڵ ئەرمەنستانە. ئێران دەترسێت تەنانەت بە بێ داگیرکردنی ئەو ناوچە و بە بەشدارکردنی ئەرمەنستان لەو پلانەدا، جێبەجێی بکەن. لە ئێستادا بەشێک لە ترانزیتی تورکیا بۆ ئازەربایجان و ئازەربایجان بۆ نەخجەوان لە ڕێگای ئێرانەوە ئەنجام دەدرێت بەڵام دوای جێبەجێکردنی ئەو پلانە، ئێران لە ڕێژەیەکی بەرچاو لە داهاتی ترانزیت بێبەش دەکرێت، جگە لەوەی لەڕووی ژێئۆپۆلیتیک و دەرئەنجام لەڕووی دیپلۆماسییەوە پەراوێز دەخرێت. ئەمەو و مانۆڕە سەربازییە هاوبەشەکان بوونەتە هۆی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی و پەرەسەندنی ئەو گرژیانە. هەڵبەت هەر سەبارەت بە ڕووداوەکانی کاراباخ، پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە ئێران بەهۆی ئەوەیکە لەکاتی شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان، بە فەرمی پشتیوانی لە ئازەربایجان کرد، بەڵام لە ڕەوتی گفتوگۆ و دیپلۆماسیدا پەراوێز خرا و تورکیا و ڕووسیا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا، ناڕازی بوو. جگە لەوە، بەگشتی لەم ساڵانەی دواییدا ئازەربایجان سیاسەتێکی گرتووەتە بەر کە بە هیچ جۆرێک دڵخوازی کۆماری ئیسلامی نییە و دەسەڵاتدارانی تاران ئەو سیاسەتانە وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیان دەبینن. هاوکاریی ئازەربایجان و تورکیا (وەکو ڕکابەرێکی ناوچەیی ئێران) و بەتایبەت هاوکارییەکانی ئازەربایجان و ئیسرائیل (وەکوو دوژمنی سەرەکی تاران)، بە تەواوەتی دژی بەرژوەندییەکانی کۆماری ئیسلامییە و بڕیاردەرانی تاران، وەکوو هەڕەشەی ڕاستەقینە سەیری دەکەن. نزیکبوونەوەی پاکستانی ئەتۆمیش لە ئازەربایجان، زیاتر بەمەبەستی بەرژوەندییە ئابوورییەکان لە ناوچەدا، نیگەرانییەکانی ئێرانی زیادتر کردووە. بەتایبەت کە دوای دەسەڵاتگرتنی تاڵیبان لە ئەفغانستان، پێدەچێت مەیدانی کێبڕکێی ئیسلامئاباد و تارانیش بەربڵاوتر بێتەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی توندبوونەوەی هەڵوێستەکان و بەڕێوەبردنی مانۆڕە سەربازییەکان لە هەردوولا و پەرەسەندنی گرژییەکان بەو جۆرەی کە ئێستا دەیبینین. بەڵام ئەوەی کە تا کوێ درێژەی دەبێت، لەڕاستیدا دیار نییە. من لەو بڕوایەدا نیم ئەو گرژیانە تا ئاستی پێکدادانی سەربازی بەرز ببنەوە و چاوەڕوان دەکرێ دوای بەڕێوەچوونی مانۆڕی ئازەربایجان و تورکیا، دۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە بڕوات. ڕەنگە ڕووسیا کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندی باشی هەیە، لەو ئاراستەیەدا هەوڵ بدات. ڕەنگە تاقە هۆکارێک تاران بەرەو هەڵوێستی توندتر ڕابکێشێت، جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەو پلانە بێت کە گوتم دەبێتە هۆی بێبەشکردنی ئێران لە داهاتی ترانزیت و پەراوێزخستنی لەڕووی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەوە. بەتایبەت کە ئێران لەم دواییانەدا بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی شانگهای و هیوای بەوە بەستووە کە پێگەی لە ئاسیای ناوەندی و قەوقازدا پتەوتر بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو پلانە جێبەجێ نەکرێت ڕەنگە دۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە بڕوات. بەو حاڵەش، کێشە و قەیرانەکان چارەسەر نابن و کێبڕکێ و پێشبڕکێی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران بەردەوام دەبێت.

**-لە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان، ئیسرائیل لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێی گرتووە؟**

لە کاتی بەڕێوەچوونی مانۆڕی سەربازی لەلایەن ئەرتەشی کۆماری ئیسلامییەوە، بە ئاشکرا باس و هەروەها هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکرا. پێدەچێت ئەو ترسەی ئێران، ترسێکی ڕاستەقینە بێت. ئیسرائیل، کە تاران وەکوو گەورەترین دوژمنی خۆی پێناسە دەکات، ساڵانێکی زۆرە کە لە هەموو بوارەکان و بەتایبەت لە بواری سەربازیی- زانیارییدا پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان داوە. ئیسرائیل (ڕەنگە دوای ڕووسیا) گەورەترین سەرچاوەی فرۆشتنی چەک و کەلوپەلی سەربازی بە ئازەربایجانە. بەپێی هەندێ سەرچاوە تا ئێستا باکۆ نزیکەی ٧ میلیارد دۆلار چەکی لەو وڵاتە کڕیوە. لەم دواییانەدا، میدیاکان باسیان لەوە دەکرد کە ڕێککەوتننامەیەک بۆ کڕینی ٢ میلیارد دۆلار چەک لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کراوە. لە کاتی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەسەر کاراباخ، ئیسرائیل هەم لە ڕێگای ڕادەستکردنی چەکوچۆڵ و بەتایبەت فرۆکەی بێ فرۆکەوان و هەم لەڕووی پێدانی زانیارییەوە، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتنی خێرای ئازەربایجاندا هەبوو. دیارە کۆماری ئیسلامی ئەوە بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێت، بەتایبەت کە دەگوترێت، ئازەربایجان چەند بنکەیەکی سەربازیشی ڕادەستی ئەو وڵاتە کردووە و ئیسرائیل لەژێر ناوی ڕاوێژکار، هەندێ هێزی تایبەتی بە مەبەستی ڕاهێنانی سوپای ئازەربایجان ڕەوانەی ئەو وڵاتە کردووە. تەلئەبیب لەو بنکانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە ئێران کەڵک وەردەگرێت. تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو وڵاتە پێشتریش لە خاکی ئازەربایجانەوە بەمەبەستی هێرش بۆ سەر چەند ئامانجێک لە ناوخۆی ئێران، کەڵکی وەرگرتبێت، تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕاست نەبێت، کۆماری ئیسلامی هەرگیز دڵنیا نییە کە لە داهاتوودا لەوێوە گورزی بەرنەکەوێت، بەتایبەت کە هەڕەشەکانی ئیسرائیل سەبارەت بە هێرش بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، لە ئەگەری شکستی گفتوگۆ ئەتۆمییەکاندا، پەرەیان سەندووە بۆیە، ئیسرائیل بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گرژیی نێوان باکۆ و تاران بە هەژمار دێت.

**-مانۆڕی سێ برا لە ئازەربایجان و بە دەسەڵات گەیشتنی تاڵبان لە ئەفغانستان، پێوەندییەکان لە ناوچەکە لەنێوان ڕێژیمی ئێران، ئەفغانستان، تورکیە، ئازەربایجان و عەربستان چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؟**

پرسیارەکە زۆر بەربڵاوە و ڕەنگە نەکرێت بە وردەکاریی لێرەدا وەڵام بدرێتەوە. هەر یەک لەو ڕووداوانە هۆکاری جیاوازی هەیە و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان بۆ لایەنە جۆرواجۆرەکان جیاوازن. بۆ نموونە مانۆڕی سێ برا هیچ دەرفەتێکی بۆ کۆماری ئیسلامی تێدا بەرچاو ناکەوێت و وەکوو هەڕەشەیەکی ڕووت سەیری دەکرێت، لەکاتێکدا دەکرێ سەبارەت بە هەڕەشە و دەرفەتەکانی دەسەڵاتگرتنی تاڵیبان لە ئەفغانستان بۆ کۆماری ئیسلامی باس بکرێت. سەبارەت بە مانۆڕی سێ برا، ئەوە لە ئاراستەی هەمان سیاسەتی نوێی ناوچەکەیە کە ئێران لەدژی خۆی دەیخوێنێتەوە، مانۆڕی سێ برا ڕاستە پەیامی هەڕەشەئامێز بوو بۆ ئەرمەنستان، بەڵام پەیامی هۆشداریی بە تارانیش بوو. بەتایبەت، نیگەرانی ئێران لەوەدایە کە ڕەنگە ئەو مانۆڕانە سەرەتایەک بن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی لە ناوچەکە، کە دیارە لەو حاڵەتەدا بەربەستەکانی ئێران زیادتر دەبن و دەستبەسراوتر دەبێت. سەبارەت بە دەسەڵاتگرتنی تاڵیبان، ڕاستە هەموو وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان و تەنانەت وڵاتانی دوورەدەستیش لە دامەزرانی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان نیگەرانن و لە داهاتوو دڵنیا نین، بەڵام تاڵیبان ئەمجارە شێوازێکی نوێی دەسەڵاتداریّتی گرتووەتە بەر و تا ئێستا هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لایەنە جیاوازەکان دڵنیا بکاتەوە کە نابێتە هەڕەشە بۆ سەریان. لەو نێوەدا، ئێران هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاڵیبان نەپچڕێنێت و سیاسەتێکی پراگماتیستی بگرێتە بەر. لەلایەکەوە، چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان، ئێرانی زۆر خۆشحاڵ کردووە و لە ئاراستەی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا بووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات لە داهاتوودا ئەفغانستان بەرەو بەرەی دژە ئەمریکی، واتە چین- ڕووسیا و ئێران ڕابکێشێت و هاوکات لەدژی داعشیش کەڵکی لێوەربگرێت و کێشەی ڕووبارەکان لەگەڵ ئەمارەتی ئیسلامی چارەسەر بکات بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەو نیگەرانییەیشی هەیە کە ڕکابەرەکانی، بەتایبەت پاکستان و تورکیا کە ئێستا لایەنگری لە ئازەربایجان دەکەن، بە چڕی لە ئەفغانستانیشدا هەیمەنەیان هەیە و بگرە پێگەیان لە تاران قورستر و بەرزترە. ئەوە دەتوانێت ئەفغانستان بەرەو بەرەی دژەئێرانی ڕابکێشێت. سەبارەت بە عەرەبستانیش، تاران و ریاز، بەتایبەت بە میوانداری بەغدا، لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەوڵی سڕینەوەی کێشە و گرژییەکانی نێوانیان داوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە. پێدەچێت هەندێ پێشکەوتنیش هاتبێتە ئاراوە. هەر لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، بەرپرسانی ئێران ڕایانگەیاند پێشکەوتنێکی زۆر لە گفتوگۆکاندا، بەتایبەت سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی یەمەن هاتووەتە ئاراوە بەڵام بەگشتی پێدەچێت، داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بەستراوەی گفتوگۆ ئەتۆمییەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا بێت واتە دوورە عەرەبستانی پێش یەکلاییبوونەوەی پەروەندەی ئەتۆمی ئێران، چارەنووسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، بە تەواوەتی یەکلایی بکاتەوە.

**-تورکیە کە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران پێوەندی ئابووری و سیاسی نزیکی هەبووە، لە ئێستادا نزیکی تورکیە و ئازەربایجان چ حەساسیەتێکی بۆ ئێران دروست کرووە؟ ئایا پێوەندی ئێران و تورکیە تووشی لێکترازان دەبێت؟**

ئێران و تورکیا وەکوو دوو وڵاتی دراوسێ و هاوکات ڕکابەری یەکتری، هەمیشە لە پەیوەندییەکانیاندا هەم کێبڕکێ و پێشبڕکێ و هەم هاوکاریی و سازگارییان هەبووە. کاتی وا هەبووە یەکێک لەو دوو ڕەوتە زاڵتر بووە، بەڵام هەرگیز دوژمنایەتی و دۆستایەتی ڕووت نەبووە. لە هەندێ شوێندا بەرژوەندییەکانیان یەک دەگرنەوە و لە هەندێ پرسدا بەریەککەوتنی بەرژوەندییەکان ئاشکرایە. بۆنموونە سەبارەت بە ڕێگریکردن لە دەسەڵاتگرتنی کورد لە ناوچە، هەمیشە کۆکن بەڵام پرسی ئازەربایجان دەرکەوتەی ناکۆکی بەرژوەندییەکانیانە. پێشتر ئاماژەم کرد کە هەندێ هەوڵ لەئارادان تاکوو ئازەربایجان- نەخجەوان- تورکیا پێکەوە ببەستنەوە و ئەوە بەئاشکرا لەدژی بەرژوەندییەکانی ئێرانە. بەتایبەت لەڕووی ئابوورییەوە قازانجی بەرفراوانی بۆ تورکیا و تێچووی کوشندەی بۆ ئێران دەبێت. بەگشتی، ڕوانگەی نوێی عوسمانگەرایی تورکیا کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر ئاماژەی پێکراوە، دەتوانێ لە زۆر بواردا کێشە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران دروست بکات، بەتایبەت کە لە ئێرانیش لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ ڕوانگە وەکوو «پێویستی پەرەپێدان بە هەیمەنە لە سنوورەکانی ئێرانی کلتووری» یان «دامەزراندنەوەی ئیمپراتووری ئێران» [بە چاوپۆشین لەوەیکە ئایا تەنیا وەهمن یان دەکرێ بە کردەوە هەوڵیان بۆ بدرێت) سەریان هەڵداوە. لەبیرمان نەچێت، شێعرخوێندنەوەی ئەردۆغان لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕژەی سەربازیی لە باکۆ، کە وا لێکدانەوەی بۆ کرا مەبەستی یەکگرتنەوەی ئازەربایجان و ئەو پارێزگایانەی ئێرانن کە ناوی ئازەربایجانیان لێ نراوە، پێشتر ئێرانی زۆر نیگەران کردبوو. سەبارەت بەوەیکە ئایا پرسی ئازەربایجان دەبێتە هۆی لێکترازانی پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا، ئەگەر مەبەست لە لێکترازان ئەوەیە کە ببێتە هۆی قەیرانێکی گەورە یاخود کەمبوونەوەی پەیوەندییەکان لە ئاستێکی بەرفراواندا، ئەوە ڕەنگە ڕوو نەدات، چونکە لانیکەم کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا هەوڵ دەدات خۆی لەو حاڵەتە ببوێرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا تێک نەدات. ئەو پرسە دەتوانێ تای کێبڕکێ و پێشبڕکێکان قورستر بکات.

**-ڕێژیمی ئێران لە هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکەدا تووشی شکست بووە؟**

دۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و پێگەی جیهانی ئێران بەگشتی دەرخەری ناسەرکەوتوویی شێوازی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامییە. بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەموو سەرچاوە بەرچاو و شاراوەی کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زۆربەی وڵاتان لە بەردەستیەتی، دەبوایە لە زۆربەی بوارەکاندا دۆخی ئێران گەلێک لەوەی ئێستا باشتر بووایەت بەڵام بەو حاڵەش، شکست شتێکی ڕێژەییە. لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا باشترە باسی دەرفەت و هەڕەشە یان قازانج و تێچووەکان بکرێت. گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان هەمیشە بۆ لایەنەکان هەم هەڕەشەیان تێدایە و هەم دەرفەت. دەبێت ئەوانە بەراورد بکرێن. لە ئاستی ناوچەییدا هەندێ گۆڕانکاریی هاتوونەتە ئاراوە کە هەندێکیان دەرخەری تێچووی زۆر و دەستکەوتی کەمی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچە و زیادبوونی هەڕەشە و گوشارەکان لەسەر ئەو وڵاتەن و لەلایەکی ترەوە، هەندێ دەرفەتیش بۆ ئەو وڵاتە ڕەخساون؛ بۆ نموونە نزیکبوونەوە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەندێ لە وڵاتانی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل و کردنەوەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل لانیکەم لە وڵاتانی ئیمارات و بەحرەین و هەروەها نزیکبوونەوەی وڵاتانی تورکیا- پاکستان- ئازەربایجان کە پێشتر باسمان کرد، نموونەی زیادبوونی هەڕەشە و گوشارەکان لەسەر تارانن بەڵام چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە ڕوانگەی بڕیاردەرانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی چالاکانەتر پلان و پیلانەکانیان جێبەجێ بکەن. بەگشتی لە هاوسەنگی نێوان قازانج و تێچووەکانی تاران لە گۆڕانکارییەکاندا، تای تێچووەکان قورسترە، بەڵام ئەوە بە واتای شکستی تەواو و ئیفلیجبوونی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا نایەت. لەئێستادا بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت دوای ناسەقامگیریی و پێکدادانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، لە دۆخێکی تێپەڕیندایە. گەرچی وڵاتان هەوڵی سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە و چنینەوەی دەستکەوتەکانیان دەدەن، بەڵام هەر ئەو هەوڵ و پەلوپۆیانە ڕەنگە ببنە هۆی ناسەقامگیری زیادتری ناوچەکە. واقیعەکان دەڵێن، ئێران بەو ڕادەیە کە سەرمایەگوزاری لەسەر قەیرانەکان کردبوو، دەستکەوتی نەبووە.

**-ئەو هاوکێشانە لە ناوچەکەدا چ کاریگەرییەک بەگشتی لەسەر کوردستان دادەنێت؟**

نەتەوەی کورد لەڕووی سیاسییەوە، ئەکتەرێکی پێداچوونەوەخوازە واتە خوازیاری گۆڕانکاری لە دۆخی هەنوکەیی و گۆڕانی لە نەزم و سەقای ئێستا و گەیشتن بە مافەکانی لە سیستمێکی نوێدایە؛ بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، کورد وەکوو دەرفەت چاو لە گۆڕانکارییەکان بکات. بەڵام لەڕاستیدا، لێکدانەوەی کاریگەری گۆڕانکارییەکان لەسەر «کوردستان بە گشتی» کارێکی ئێجگار ئەستەمە. سەرەتا دەبێ ڕوون بێت کە مەبەستمان کام کوردستانە؟ بەپێچەوانەی ئەکتەرە سیاسییەکانی جیهان (وڵاتان)، کوردستان یەکەیەکی یەکپارچەی سیاسی نییە، بەپێچەوانەوە پڕاوپڕە لە حیزب و لایەنی سیاسی کە هەر کامیان لە سۆنگەیەکەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و تەنانەت بەرژوەندییە نیشتمانییەکان بۆیە پەیهات و کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر بەشە جیاوازەکانی کوردستان گەرچی یەک بن، بەڵام خوێندنەوەیان هاوشێوە نییە و ئەمەش وەڵامدانەوە بەو جۆرە پرسیارانە دژوار دەکات. بۆنموونە لێکدانەوەی کاریگەریی گۆڕانکارییەکان لەسەر عێراق، ئێران، قەتەر یان هەر یەکەیەکی تر بەبەراورد لەگەڵ کورد ڕەنگە ئاسانتر بێت. بەهەرحاڵ ئەگەر بمهەوێت لێرەدا باس لە کاریگەری گرژییەکانی ئازەربایجان و ئێران لەسەر کورد بکەم، ڕەنگە سەرقاڵبوونی تورکیا بە پرسی ئازەربایجان و پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران، تا ڕادەیەک لە قازانجی ڕۆژاوا یان تەنانەت باشووری کوردستانیش بێت، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەیدا کە بە دەرفەت دەبینرێت، دەکرێت هەڵگری مەترسی زۆریش بێت. ڕاستە بەشێوەی ئاسایی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو داگیرکەر دەکرێ لە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات بێت، بەڵام هاوکێشەکە بە جۆرێکە کە هەست بە هەڕەشەی گەورەیش دەکرێت. بۆنموونە، هەر نزیکبوونەوەی ئیسرائیل- تورکیا- ئازەربایجان دەتوانێت لە ئەگەری گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا، لەسەر کوردیش بە هەمان ئەندازە هەڕەشە بێت. سەیر بکەن، پێشتر لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان، ئیسرائیل کە دەتوانێ کاریگەری بەرچاو لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا دابنێت، ئەگەر بە ئاشکرا یارمەتی کوردی نەدابێت و لە دەسەڵاتگرتنیان خۆشحاڵ نەبووبێت، لانیکەم بێلایەن بووە بەڵام نزیکبوونەوەی لە تورکیا و ئازەربایجان دەتوانێت لە داهاتوودا هەڕەشەیەک لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات بێت. هەڵبەت ئەمە مسۆگەر نییە، بەڵکوو ئەگەرێکە. ڕەنگە هەندێ کەس کە بە حەز و ویست سیاسەت دەخوێننەوە، لە دەربڕینی ئەم ڕوانگەیە خۆشحاڵ نەبن، بەڵام ڕوانگەیەکی بە تەواوەتی ڕێئالیستییە و دەبێ بە جیدی وەربگیرێت. پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەدیلی جیاوازیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە جۆراوجۆرەکانی داهاتوو. هەموو ئەکتەرێکی سیاسی پێویستی بە داڕشتنی بەدیلی جۆراوجۆر و جیاواز هەیە. ئەگەر سەرنج بدەن، هەر ئێستا، هاوکات لەگەڵ هەڕەشەکانی بەرپرسانی سەربازیی و سیاسی ئێران لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەندێ دەنگی پەراوێزکەوتوو باس لە پێویستیی نزیکبوونەوەی تاران لە کوردەکان دەکەن. ئەوەش ڕوانگەیەکی ڕێئالیستییە، گەرچی کەڵکەڵەی مانەوەی ئێرانە نەک قازانجی کورد، گەرچی دیاریش نییە چەندە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە جیدی وەردەگیرێت و هەروەها دیار نییە ئەگەر بە جیدیش وەربگیرێت، ئەو نزیکبوونەوە چۆن دەبێت. بەگشتی مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان، خوڵقێنەری هەڕەشە و دەرفەتەکانن، ئەوەیکە کاریگەرییان لەسەر کورد چۆن دەبێت، بەستراوەی ئەوەیە کە کورد چەندە سیاسەتی بەدیلی داڕشتووە و چۆن خۆی ئامادەی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان کردووە.

# چەند کۆپلە شێعری شاعیرانی ڕۆژهەڵات
# بۆ بەرزڕاگرتنی خزمەتی مامۆستایانی دەروەستی کوردستان

## سکاڵای مامۆستا

**پێشکەش بە هاوکارانی هاودەرد و هاوبیرم**

سالەهایە دەردەبار و حەسرەتی فەرهەنگمە
نامرادی و ڕەنجی زانین ڕۆژ و شەو هاودەنگمە
ساڵەهایە مۆمی ژین و ئارەزووم دەتوێتەوە
چونکە کێشەی کۆنپەرەستی و باوەڕی شەوەرەنگمە
بیر و کردەی چاک و زانین، کوانێ نرخی بۆ نەزان؟
شێعر و ئازادی و هونەر چون سازی بێ ئاهەنگمە

گەر لە دنیا زانیاری و ڕێی قەڵەم پێشکەوتنە،
لێرە بێکاری و هەژاری و ژینی زار و ژەنگمە
بستە خاکێ، تیکە نانێ، حورمەتێ، نەمدی بە دڵ
ئەنبیام و ئەولیام و ناوی زل پارسەنگمە
باڵی فیشاڵ و درۆ ئەمباتە شانی ئاسمان
ناوی گەورە و شاری وێران باری لار و لەنگمە
ماڵ و کورسی گەورەکانم گەرم و نەرم و پڕ بەلاش
هەر هەموو پاشای بەڵێن و وادەیی سەد ڕەنگمە
من لە سایەی ئێوەدا قاروونی گەنجی حەسرەتم
ئاخی زستان، ڕەنگی پاییز، ژینی پڕ ئاستەنگمە
سەد نەهاتی هاتە ڕێم و کەس نەهاتە دادی من
دڵ بە کێتان خۆش بکەم گەر باری سەد مەن سەنگمە
دەرسی پاشکەوتن هەتا کەی؟ بەسیە بێدەنگی و درۆ!
ئەی منالان بۆ ژیانتان، ڕاپەڕن بەم زەنگمە .....

**(ڕەحیم لوقمانی)**

## تۆران

هەزاروسێسەد و شەست بوو،
دەمان خوێند:
من لە زانکۆ و
ئەویش لە کێو!
**
هەزار و سێسەد و حەفتا،
مامۆستا بووم!
دڵ تەیریکی تەوەللا بوو!
کەویش لە کوێستان تارابوو!

**(ک.د.ئازاد)**

## پیرۆزانە

لە مێژە هەست بەوە دەکەم:
لاڵم لە حاست مامۆستاکەم،
خەڵک و
خاک و
مەکتەبەکەم...
بۆیە بە گوڵی نەورۆز و
گەزیزە و نەرگس و لالە و
پوونگەی ناو کانیاوانم وت:
لە هەر شوێنێ کە پێت بگەن
پیرۆزباییمت پێشکەش بکەن.

**(حەسەن ئەمینی )**

## قوتابخانە

پا ش
ئەوەی کە خۆر هەڵدێ
پرشنگ ئەخاتە سەر دێ
خوێندەواران دێنە دەر
ڕێی مەکتەب دەگرنە بەر
لە نێو کۆمەڵەی ماڵان
بۆ خوێندنی منداڵان
ماڵێکی زۆر وێرانە
کراوەتە قوتابخانە
کاکی مودیر بەیانی
بەر لە خوێندەوارانی
ئەڕوات و لە بەر دەرگا
ماوەیە هاتووچۆ دەکا
ڕەوشتی کاکی مودیر
لاوی ژیر و ڕۆشنبیر
لە نێو دڵی خەڵکی دێ
بە جوانی گرتوویە جێ
یاری هەژارەکانە
هیوای نەدارەکانە

ب وەکوو بیرەوەر
ت وێنەی تیکۆشەر
س وەکوو سەربەستی
سەر و سێدارە و سستی
منداڵ بە یەک دەنگەوە
دەڵێن بە ئاهەنگەوە
خ بە وێنەی خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات
کاف وێنەی کوردستان
کورد و کۆمەڵ و کوێستان
ماوەی بەر لە نیوەڕۆ
دوایی دێ دەرسی ئەوڕۆ
ئێوارە منداڵەکان
لە نێو باخ و لە سەر بان
دەرسی تازە دەخوێنن
بە خەڵکی ڕا دەگەیەنن
ی وەکوو یەکیەتی
یەککگرتن و یارمەتی
ڕۆژی شەممەی داهاتوو
ئەو دەرسەیان لە بەربوو

لاوێکی چاک و ڕووخۆش
کوردیوێژ و کوردیپۆش
بەڕاسی خەڵکی ئەوێ
گیانیان بۆ مودیر ئەوێ
ماوەیتر مەکتەبی دێ
گەرم ئەبێ بە سروودێ
لە پەنجەرەی پرتووکاو
تیشکی خۆر ئەداتە ناو
مامۆستا وەکوو جاران
ئەڵێ بە خوێندەواران
دیسان ڕۆژی شەممەیە
کاتی پرسینەوەیە
وریا تۆ هەستە سەر پێ
دەرسی پێشووم بۆ بڵێ
ئا وێنەی چی؟ب وەک چی؟
ت وێنەی چی؟پ وەک چی؟
لە ئەلفەوە تاکوو ی
هەرچی دەیزانی بیڵێ
وریا بیر ئەکاتەوە
وەڵامی ئەداتەوە
ئا وێنەی ئاوارە
ئاواتی ئەو هەژارە

بەڵام تاکوو خۆرئاوا
بەو گەرمای خۆرەتاوا
لەڕێی شارا وەستابوون
چاوەڕێی مامۆستا بوون
تینی خۆر و خەمباری
پرسین و چاوەنواڕی
مامۆستامان وا لە کوێ؟
بۆچی نایەتەوە دێ؟
پێش ئەوەی تاریکی دا بێ
هەواڵێ کەوتە نێو دێ
مامۆستای قوتابخانە
کەوتووەتە بەندیخانە
ماوەی حەفتەی دەگوزەرێ
نابێ لەوێ خەبەرێ
بەڵام خوێندەوارەکان
هەر لە قوتابخانەدان
دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ئەڕوا بەرەو ئاسمان
ب وێنەی بێگانە
برین و بەندیخانە
چاویان وا بە ڕێگەوە
مامۆستایان بێتەوە

ب وەکوو برسیەتی
پ وێنەی پێپەتی
ت وەکوو تاڵی ژین
تاریکی و تێکۆشین
کاتێ شتێ نازانێ
بۆ منداڵان ئەڕوانێ
نوون بەوێنەی نەدار
ﻫ بە چەشنی هەژار
کاکی مودیر هەڵدەستێ
بەرامبەریان دەوەستێ
ئەڵێ بەسیەتی ئێتر
دەس کەینە باسێکیتر
هەتا من لە بیرم بێ
ئەم وشانە ئەگوترێ
تاکەی دەرسی دڵتەنگی؟
تاکەی دەرد و بێدەنگی؟
ئێتر لایان بەین لە بیر
ڕوو کەینە ڕاوو تەدبیر
منداڵەکان مات ئەبن
دەرسی تازە گوێ دەگرن
بێدەنگی قوتابخانە
پڕ دەبێ لەم وشانە

ڕۆژی هەوەڵی زستان
کە سەرما هاتە کوێستان
کەسێ هەواڵی دێنێ
دڵی دێ ئەلەرزێنێ
چەن لاوێکی ڕۆشنبیر
بە هاوڕێی کاکی مودیر
ئەو ڕۆژە تاریک و ڕوون
لە سێدارە درابوون
ئێتر ئەو منداڵانە
جێی دێڵن قوتابخانە
کاتێ ئەڕۆن بە دڵتەنگ
چاوبەفرمێسک و بێدەنگ
خوێندەواری کش و مات
سەرەنجی دیوار ئەدات
فرمێسکێ پڕ لە گڕێ
دێت و بەر چاوی دەگرێ
لەبان تەختەی سەر دیوار
خەتێ مابوو یادگار
دڵی نەدەهات کەسێ
شتی لە سەر بنووسێ
ی وەکوو یەکیەتی
یەککگرتن و یارمەتی

ئا وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی

ئا وێنەی ئازادی

**(مامۆستا شەریف)**

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :808 7 October 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**«ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی ٦ مانگی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

# ٥٦٥ حاڵەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا

**ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردپا، لە ڕاپۆرتێکی ئاماریدا ئاماژەی بە بەرچاوترین حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٦ مانگی سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی کردووە کە کورتەیەکی بەم شێوەیە:**

**دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستاندا: ٢٤٧ حاڵەت**

**سەپاندنی حوکمی زیندان بەسەر هاووڵاتییاندا: ٣٧ حاڵەت**

**کوژران و بریندارบوونی کۆڵبەران: ١٣٢ حاڵەت**

**کوژران و بریندارbوونی هاووڵاتییان بەهۆی تەقینەوەی مین و کەرەستەکانی شەڕ: ١٣ حاڵەت**

**لەسێدارەدانی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستان: ١٣٦ حاڵەت**

دەستبەسەرکردن

ڕێژەی دەستبەسەرکراوان: ٢٤٧ کەس

٢٣٣ کەس لەم ماوەیەدا دەستبەسەر کراون.

هەروەها ١٤ کەس بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەیان کە پێشتر ئەو حوکمە بەسەریاندا سەپێندراوە، دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کراون.

١٢ کەس لەم نێوانەدا ژن بوونە.

بواری چالاکیی کەسانی دەستبەسەرکراو کە ڕوون بووە:

٣ چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی، ٧ چالاکی ژینگەیی، ٢ خوێندکار، ٥ چالاکی کرێکاری، ١ ڕۆژنامەوان، ٥ چالاکی سوننە مەزهەب، ٢ زیندانیی سیاسیی پێشوو، ١ وەرزشوان، ١ پێڕەوی ئایینی یارسان، ١ ئەندامی مەکتەب قورئان، ١ بنەماڵەی زیندانیی سیاسی، ١٧ ناڕازیی ١٤٠٠، ١ مامۆستا

بکەر و چۆنیەتیی دەستبەسەرکرانی هاووڵاتییان:

دەستبەسەرکران لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە: ٢٣٤ حاڵەت

ناڕوونیی چارەنووس پاش دەستبەسەرکران: ٢٠٨ حاڵەت

نادیاربوونی شوێنی ڕاگیران پاش دەستبەسەرکران: ١٨٤ حاڵەت

هێرش، پشکنین و ڕووخانی ماڵ لەکاتی دەستبەسەریدا لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە: ٣٢ حاڵەت

دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی کەسی: ٢٣ حاڵەت

ئەشکەنجە و لێدان و بێڕێزی لەکاتی دەستبەسەریدا: ٢٣ حاڵەت

تۆمەتی وەپاڵدراو لە کاتی دەستبەسەرکرانی ئەو کەسانە کە ڕوون کراونەتەوە:

تێکدانی بیرورای گشتی: ٢٣ حاڵەت

هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان: ١٩ حاڵەت

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز: ١٨ حاڵەت

بەشداری لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە کرماشاندا: ١٧ حاڵەت

پڕۆپاگەندە دژی نیزام: ٥ حاڵەت

ناڕەزایەتی دەربڕین لەمەڕ مانۆڕی سەلەفییە توندڕەوەکان لە کوردستان: ٤ حاڵەت

چالاکیی مەزهەبی: ٨ حاڵەت

بەبۆنەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کرێکار: ٢ حاڵەت

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان: ٢ حاڵەت

بێڕێزی بە پیرۆزییەکان: ٢ حاڵەت

واژۆکردن لە ڕاستای ناڕەزایەتی دەربڕین بەنیسبەت شەپۆلی دەستبەسەرکرانی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستاندا: ١ حاڵەت

پەیوەستبوون بە کەمپەینی «نا بۆ کۆماری ئیسلامی»: ١ حاڵەت

چالاکیی سیاسی: ١ حاڵەت

هاوکارینەکردن لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکان: ١ حاڵەت

شیکاریی زیاتر؛

١٠٤ کەس لە ڕێژەی دەستبەسەرکراوانی شەپۆلی بەرینی وەرزی زستان لە کوردستاندا بوونە. ئەم شەپۆلە لە دەستبەسەرکران لە زیاتر لە ١٥ شاری کوردستاندا ڕووی داوە.

٣٩ کەس لە دەستبەسەرکراوان ژن بوونە.

شەپۆلی یەکەمی دەستبەسەری لە کوردستان لە ساڵی ٩٩دا، دەستبەسەرکرانی ٢٧ کەس لە بانە، شنۆ، پیرانشار، مەهاباد و سنەی لێ کەوتووەتەوە.

هەروەها شەپۆلی دووهەم لە مانگی پووشپەڕی ٩٩دا، دەستبەسەرکرانی ٢٣ کەس لە مەهاباد، شنۆ و پیرانشاری لێ کەوتووەتەوە.

٢ کەس لە دەستبەسەرکراوان بەناوەکانی (ئارەزوو مستەفایی، پێشەوا ڕەحمانی فەر) تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە.

زۆربەی کەسانی دەستبەسەرکراو لە کاتی دەستبەسەریی کاتیدا کە نێونجیان لە نێوان ١ هەتا ٢ مانگ بووە، لە دەسپێڕاگەیشتن بە پارێزەری دیاریکراو و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە بێبەری کراون.

زۆربەی حاڵەتەکانی دەستبەسەری، بەبێ بەڵگەی یاسایی ڕووی داوە.

١٨ کەس لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستاندا دەستبەسەر کراون، هەروەها ڕێژەی بانگهێشتکراوان گەیشتووەتە ٥٠ کەس.

زۆربەی دەستبەسەرکراوان لە قۆناغەکانی داگاییکرانیاندا بە «تۆمەتی تەناهی» و «هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری نیزام»، تۆمەتبار کراون.

سورەیا حەقدووست و ئارام فەتحی، دوو چالاکی مەدەنیی مەریوان و لە ئەندامانی «ماڵی ئینسان» لە مەریوان زیادتر لە یەک حەوتوو لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران و لە چارەنووسی ناوبراوان زانیارییەک لەبەردەستدا نەبووە.

١٥ کەس لە ڕەوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ١٤٠٠ی هەتاوی لە کرماشاندا دەستبەسەر کران کە لەم ئامارەدا ئاماژە بە ناوی ١٥ کەس کراوە، بەڵام سەرچاوە خۆجێیەکان ژمارەی دەستبەسەرکرانیان زیادتر لەم ڕێژەیە باس کردووە. تەمەنی هەندێک لە دەستبەسەرکراوان ژێر ١٨ ساڵ ڕاگەیەندراوە.

دەبێ بوترێت لە کۆتاییەکانی مانگی ژوئەن هەتاکوو ئاگۆست شەپۆلێک لە دەستبەسەری لە شارەکانی بۆکان، مەهاباد، شنۆ، پیرانشار و سنە رووی داوە.

هاووڵاتییانی کوردی مەحکووم بە زیندان و حوکمەکانی دیکە

ژمارە: ٣٧ کەس

٢ کەس لەم کەسانە ژن بوونە.

چۆنیەتیی ئەو حوکمانە کە بەسەریاندا سەپێندراوە:

زیندانی تەعزیری: ٢٣٨ ساڵ و ٨ مانگ و ٤٤ ڕۆژ

زیندانی هەڵپەسێردراو: ٤ ساڵ و ٧ مانگ

دوورخرانەوە بۆ زیندانێک بەدوور لە شوێنی نیشتەجێبوونیان: ٢ کەس

ڕێگریکردن بۆ ڕۆیشتنە دەرەوەی ئێران (ممنوع‌الخروجی): ١ حاڵەت

سزای نەختی: ٢٧٥ ملیۆن تمەن

قامچی: ٢٤٠ زەربە قامچی

داخرانی دەرمانگا بۆ ماوەی ٢ ساڵ: ١ حالەت

بواری چالاکیی ژمارەیەک لەو کەسانە:

چالاکی سوننە مەزهەب: ٥ حاڵەت

چالاکی ژینگەیی: ٤ حاڵەت

زیندانیی سیاسی: ٣ حاڵەت

ڕۆژنامەوان: ٣ حاڵەت

چالاکی کرێکاری: ٣ حاڵەت

چالاکی مەدەنی: ١ حاڵەت

خوێندکار: ١ حاڵەت

هونەرمەند: ١ حاڵەت

دەستبەسەرکراوانی وەرزی زستانی ٩٩: ١ حاڵەت

تۆمەتی وەپاڵدراو:

پڕۆپاگەندە دژی نیزام: ١٨ حاڵەت

هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان: ١١ حاڵەت

چالاکیی مەزهەبی (سوننە مەزهەب): ٥ حاڵەت

هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی: ٣ حاڵەت

بێڕێزی بە ڕێبەر: ٢ حاڵەت

بێڕێزی و سوکایەتیکردن: ٢ حاڵەت

تێکدانی بیرورای گشتی: ١ حاڵەت

بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست: ١ حاڵەت

تێپەڕاندنی سنوور بە شێوەی نایاسایی: ١ حاڵەت

کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران؛

ڕێژە: ١٣٢ کەس

کوژراو: کەس ٢٨

برینداربوو: ١٠٤ کەس

چۆنیەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران: ٨٣

تەقەی هێزەکانی ئەرتشی تورکیە: ١٠

ئەشکەنجە و لێدان لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە: ١٠

بەربوونەوە لە بەرزایی: ٧

ڕاوەستانی دڵ لەکاتی کۆڵبەریدا: ٢

سەرمابردوویی: ١

تەقینەوەی مین: ١

خنکان لەنێو ڕووباردا بەهۆی کەوتنەنێو ڕووبار لە ئەنجامی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانەوە: ١

فڕێدانە خوارەوە لە بەرزایی لەلایەن هیزە نیزامییەکانەوە: ١

کوژراو و برینداربوون لە ڕووداوی هاتوچۆدا: ١٦

ـ یەک کەس لەو کۆڵبەرانە کە لە سنووری ورمێ لەلایەن هێزەکانی ئەرتشی تورکیەوە کوژراوە تەمەنی ١٥ ساڵ بووە.

ـ لە ٢ حاڵەت لەم ئامارەدا، ٢ کۆڵبەر کە برا و خەڵکی «شمشێر»ی پاوە بوونە دەبیندرێت کە هاوکات بریندار کراون و هەروەها ٢ برای دیکە کە خەڵکی گوندی «دشە»ی پاوە بوون هاوکات بریندار کراون کە یەکێکیان پاش چەند ڕۆژ بەهۆی قووڵیی برینەکانییەوە گیانی لەدەست دا.

ـ تەقەی ڕاستەوخۆ بەشێوەی دەسڕێژیی، هەندێک لە حاڵەتەکانی ئەم ئامارە لە خۆ دەگرێتەوە کە تێیدا کۆڵبەران بە کۆمەڵ کوژرا و بریندار بوونە.

ـ لە ٢ حاڵەتدا، هێزەکانی سەر سنوور لە سنووری نەوسوود و ورمێ، کۆڵبەرانیان ئازار و ئەشکەنجە دابوو و کە لەو پەیوەندییەدا ویدیۆیەک کە تێیدا کۆڵبەرانی خەڵکی ورمێ ئازار و ئەشکەنجە درابوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

ـ هەروەها سەرەتاکانی مانگی گەلاوێژ، گرووپێک لە کۆڵبەران لە سنووری بانە بە کۆمەڵ لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە دەسڕێژی گولـلەیان لێ کرابوو کە لە ئاکامدا ١ کۆڵبەر کوژرا و لانیکەم ٥ کۆڵبەر بریندار بوون.

کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییانی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین:

لەم ماوەیەدا ١٣ هاووڵاتیی کورد لە ئەنجامی تەقینەوەی مین و کەرەستەکانی شەڕ لە شارەکانی کوردستان کوژران و بریندار بوون. (٦ کوژرا و ٧ بریندار)

٧ کەس لە کرماشان، ٢ کەس لە ئیلام، ٢ کەس لە سەردەشت و ٢ کەس لە سەقز لەم نێوانەدا ٤ کەس شوان، ١ کەس وەرزێر، ١ کەس کۆڵبەر و ژنێک ڕەشماڵ بووە.

هەروەها:

سەربازێک لە ناوچە سنوورییەکانی بانە بریندار بووە.

٣ فەرمانبەری پووچەڵکردنەوەی مین بەهۆی تەقینەوەی مین کوژران و بریندار بوون. (٢ کوژرا و ١ بریندار)

لەسێدارەدان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات:

ڕێژە: ٢١ کەس

تۆمەت: ١٣ کەس بە تۆمەتی پەیوەندیدار لەگەڵ تاوانەکانی مادده سڕکەرەکان و ٧ کەس بە تۆمەتی قەتڵ لەسێدارە دراون.

٢ کەس لە زیندانییانی لەسێدارەدراو بە ناوەکانی «بەهائەدین قاسمزادە» کە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ بە تۆمەتی قەتڵ ئێعدام کراوە و «سەجاد سنجری چالابە» کە لە زیندانی کرماشان ئێعدام کراوە، لە کاتی ئەنجامی تاوانەکەیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە.

ڕێژەی گشتی: ١٣٦

ئەو تۆمەتانە کە حوکمی لەسێدارەدانی لێ کەوتووەتەوە لە ئێران و کوردستاندا

قەتڵ: ٦٩

تاوانەکانی پەیوەندیدار بە مادده سڕکەرەکان: ٦٣

دەسدرێژیی : ٢

دەسدرێژیی سێکسی لەگەڵ پیاو بە زۆرەملێ: ٢

هەروەها:

ژنانی لەسێدارەدراو: ٥

شوناسی نەتەوەی هاووڵاتییانی لەسێدارەدراو: ٢٤ بەلووچ، ٢٠ کورد، ١ ئازەری و ١ ئەفغانی

KURDPA